# دۆخ لەدیالێکتەکانی زمانی کوردی
## باشوری کوردستان بەنمونە

**ID No.115**

(PP 100 - 121)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.1.6

**دیار علی کمال کریم**    **نجاة عبداللە عبدالحمید**

بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

darya80s@gmail.com    Najatabdullah540@gmail.com

**وەگەرتن : 2021/10/17**

**پەسندکردن : 2021/11/18**

**بڵاوکردنەوە : 2022/02/25**

**پوختە**

دۆخ دیاردەیەکی زمانی ڕەسەنی زۆربەی زمانەکانی جیهانە. سیستەمێکە بۆ گۆڕینی شێوەی دەرکەوتنی وشە یان ڕیزبەندییەکەی لەناو ڕستەدا,دۆخ لەبەشێکی زۆری زمانەکان بونی هەیە و هەر زمانە و چەند جۆرێک لەدۆخ نیشان دەدا, دۆخ هەرلە ڕیزمانی کۆنەوە هەبوە و وەک سیستەمێک بۆ دیاریکردنی ناوەکان بەکاریان هێنراوە ,زمانی کوردیش بەدەر نیـیە لەم دیاردە زمانییە , هەندێ لەدیالێکتەکانی زمانی کوردی ئەم دیاردە زمانییەیان تیدا ڕەنگدەداتەوە,گرنگیی دۆخ خۆی لەنیشانەی مۆرفۆلۆجیی دەبینێتەوە لەزماندا,ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە(دۆخ لە دیالێکتەکانی زمانیی کوردی – باشوری کوردستان بەنمونە). ئامانجی توێژیینەوەکە نیشاندانی دۆزخە ڕێزمانیی و ڕەگەزییەکانە لە دابەشبونی جوگرافییانەی دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، بەمەبەستی سود وەرگرتن لەو داتایانە بۆ دارشتنی نەخشەی دۆخی دیالێکتەکانی زمانی کوردی. گرنگی تویژینەوەکە بایەخدانە بەجۆرەکانی دۆخ لەدیالێکتەکانی زمانەکە.پوختەی تویژینەوەکەش لەکۆتایدا بەهەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕو.

**کلیلە وشە:** دۆخ,دۆخ و ڕەگەز, دۆخە ڕیزمانییەکان,دیالێکتە کوردییەکان و دۆخ,دۆخی فیلمۆری.

### 1- پێشەکی

دۆخ لقێکە لە لقە بنچینەییەکانی ڕێزمان و یەکێکیشە لەو بوارنەی ,کە توێژینەوەی زۆری لەبارەوە و سیستەمێکیشە بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی پەیوەندی ناوەکان.ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەدۆخ و جۆرەکانی ,ناونیشانی توێژینەوەکە(دۆخ لەدیالێکتەکانی زمانی کوردی – باشوری کوردستان بەنمونە). تویژینەوەکە لە دو بەش پێکهاتوە, بەشی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ لایەنەتیۆرەکانی توێژینەوەکە وەک چەمکی دۆخ و بۆچون و لێکدانەوەی دۆخ و دۆخ لەزمانی کوردیدا , دۆخی ڕێزمانی ڕێزمانی لەزمانی کوردیدا,دۆخی ڕەگەز لەزمانی کوردیدا.بەشێوەیەکی تیۆری لەم بابەتانەی سەرەوە دواوین,ئەم بەشە دەروازەی چونە ناو بابەتی دۆخە بۆ بەشی دواتر و ڕونکردنەوەی جۆرەکانی لەزمانی کوردیدا,لەگەڵ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی دۆخ لەزمانەکە.

بەشی دوەم: ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ لایەنی پراکتیکی تویژینەوەکە,بەخستنەڕوی جۆرەکانی دۆخ و دۆخی ڕەگەزی لەزمانی کوردیدا,بەنمونەی دیالێکتی (هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەورامی), جۆرەکانی دۆخ لەدیالێکتە جیاوازەکان باسکراوە,باسی ڕۆڵی ڕەگەز کراوە لە دیاریکردنی ناوەکان بۆ نێر و مێ.دواتر ئەنجامی توێژینەوەکە لەچەند خاڵێک خراوەتەڕو,پاشان لیستی سەرچاوەکان ڕێزکراوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە**

بەهۆی ئەوەی دۆخ دیاردەیەکە جێگای مشتومڕی زۆرە و دیاریکردنی ئەم لایەنەش لەزماندا پێویستە,بۆیە هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ,کە زیاتر تیشک بخرێتە سەر ئەم لایەنە گرنگەی زمان و زمانی کوردی و دیالێکتە جیاوازەکانی,بۆ ئەوەی ئەم لایەنی زمان زیاتر بخرێتە بەرباس و لێکدانەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی توێژنەوەکە دەرخستنی پەیوەندییە ڕێزمانیەکانەکە,سود و گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ بەراوردکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لەسەر ئەم لایەنەی زمان و دیارکردنی سیماکانی دۆخ لە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانەکە,بەهۆی ئەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەشێوەیەکی جیاواز ئەم لایەنی زمانیان تێدا ڕەنگی داوەتە.

**سنوری توێژینەوەکە**

سنوری توێژینەوەکە خۆی لە (دیالێکتەکانی زمانی کوردی – باشوری کوردستان )دەبینێتەوە,کە لەچوارچێوەی سنوری هەرێمی کوردستاندایە.

**ڕێبازی توێژینەوە**

ڕێبازی بەکارهاتو بۆ توێژینەوەکە بەپێی ڕەوتی( ڕێبازی وەسفی – بەراوردکاری )ئەنجامدراوە.

**2 - چەمکی دۆخ**

دۆخ لە بنەڕەتدا نیشاندانی حاڵەتی شتێکە، بەڵام لەزماندا ئاماژەیە بە حاڵەتی ناو _ کاتێک ناوەکان ئەرک وەردەگرن- ئەگەر دۆزیان ڕێزمانی بێ و کاتێک ناوەکان جێندەر دەنوێنن- ئەگەر دۆخەکەیان جێندەری بێ "ڕستە لە زمانەکاندا لە (کار) و چەند بەشێکی تر پیکدێ وەک(بکەر,بەرکار, بەرکاری ناراستەوخۆ,ئاوەڵناو.......هتد) هەربەشێک لەم بەشانە جۆرە ئەرکێکیان هەیە,ئەم ئەرکانەش بەدۆخ (case)ناودەبرێن"(ئەمین،2015،ل10 ) دۆخ ئاماژەکردنە بە ناوەکان و جێناوەکان و چۆنییەتی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا.چەمکی دۆخ"بریتییە لە کاتیگۆرییەکی ڕێزمانی ,کە لە پەیوەندی نێوان وشەکان و ڕیزبونیان لە چوارچێوە و سنوری ڕستەدا دەردەکەوێ و دەبینرێ"(خدر,2010،ل 47) دۆخ بریتییە لە نیشاندانی پەیوەندییە ڕیزمانییەکان لەناو ڕستەدا و دەرخستنی ئەرکە ڕێزمانییەکانی ڕستە کە لەلایەن بەشەکانی ڕستە وەک (ناو ,جێناو ,فرێز,لاڕستە,ڕستە)جێبەجێ دەکرێن.بەواتای ئەوەی دۆخ ئەو ئەرکە ڕێزمانیانە نیشاندەدات کە لەزمانەکەدا هەیە وەک (بکەر و بەرکار و خستنەپاڵ.....) لەلایەکی تر دۆخ "بۆ مەبەستی لێکدانەوەی گرێیەکانی ناو ڕستە بەکاردێ,ئەویش بۆ ناسینەوەی ئەو پەیوەندیانەی کە لەنێوان وشەکانی ڕستەیەکدا هەن ,وەک(بکەر و بەکار ......هتد"(Crystal,1991,p 66).

لێرەشدا مەبەرستی لە پەیوەندی نێوان گرێیەکان؛ ئەو ئەرکەیە کە گرێیەکان لەئەنجامی پەیوەندی ستونییانەوە بە نۆد(Node)ی ڕستەوە وەریدەگرن لە چوارچێوەر ڕستەیەکی دیاریکراودا "دیارترین جیاوازی لەنیوان چەمکی دۆخ لەکۆن و نوێدا ئەوەیە, کە لەڕیزمانی نوێدا پێی دەلێن دۆخی ئەبستراکت,لەوەی هەر فرێزێکی ناوی دەرکەوتو لەڕوی فۆنەتیکەوە دۆخی وەردەگرێ جا ئەو فرەیزە ناوییە هەڵگری مۆرفۆلۆجی دۆخ بێ یان نا"(قادر,2009:ل74) ئەم مەرجی دەرکەوتنە فۆنەتیکییەی دۆخ,دۆخی ئەبستراکیش سیستەمێکە بەسەر هەمو زمانەکاندا جێبەجێ دەکرێ .لەڕێزمانی گوێزانەوەشدا"دۆخ ئەو سیمایەیە ,یاخود ئەو فۆڕمە نیشانکراوە دیارەیە کە گرێیەکی ناوی وەریدەگرێ بۆ ئاماژەکردن بەهەندێ لە سیما پەیوەندییە ڕێزمانی یان واتاییەکانی تەواوی ڕستەکە کە گرێ ناوییەکە هەڵیدەگرێ"(Trask,1993,p35). بۆیە دۆخ وەکو وەکو سیستەمێک بەشێکە لە سینتاکسی هەمو زمانێک,بەڵام ئەو جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە ئەوەیە کە لە هەندێک زماندا دۆخەکان مۆرفۆلۆجین و لەهەندێک زمانی تردا دۆخی مۆرفۆلۆجی نییە.

**3- دۆخ:بۆچون و لێکدانەوەی**

بۆچون و لێکدانەوەکان سەبارەت بەبابەتی دۆخ لە زماندا جیاوازییان هەیە . دۆخ شتێکی جیهانییە,بۆیە"ئەم سیستەمە لەزمانەکاندا پێویستی بەفێربون نییە,ئەو شتەی کە فێربونی پێویستە ئەوا نەخشەکێشان و سنوردانانە لەنێوان دۆخی نابەرجەستە و دۆخی خاوەن نیشانە مۆرفۆلۆجییەکان,کە لەزمانە جیاوازەکاندا بەچەندین شێوەی جیاواز دەبینرێ"(Culicover,1997:p25)بەهۆی ئەوەی دۆخ تایبەتمەندییەکە تایبەتە بەناوەکان و گرێ ناوییەکانەوە"هەتا ئەگەر هەندێک لەو گرێ ناوییانە شێوەی فۆنەتیکیشیان نەبێ یاخود بەواتایەکی تر ئەو گرێ ناوییە دۆخی نابەرجەستە وەردەگری بێ ئەوەی گوێ بەوە بدرێ کە خاوەن فۆڕمێکی فۆنەتیکییە یاخود نا"(Chomsky,1986:p74) دیاریکردنی دۆخ بەوەی تایبەتمەندییەکی گرێ ناوییەکانە بەیەکەم بۆچونی چۆمسکیش دادەنرێ لەبارەی دۆخەوە , فیلمۆر زۆربەی

بەرهەم و توێژینەوەکـــانی لەبـــارەی دۆخەوە بـــون چەنـــدین جـــۆری دۆخـــی دەستنیشـــانکردوە کە بـــونەتە ســـەرچاوە بـــۆ توێژینەوەکـــانی دوای خـــۆی لەلایەن زمـــانەوانەوە " دۆخ بەنـــــدە بە نیشـــانەکردنی گـــرێ ناوییەکـــان و ئەو ســـیما مۆرفۆلۆجییـــانەی کە لەئەنجـــامی ئەم نیشـــانەکردنەوە دێـــتە ئـــاراوە" (Chomsky,1981:p 6) بەهـــۆی ئەوەی کە واتـــا لایەنێکـــی گرنگـــی ڕســـتەبوە و بەهۆکـــارێکی ســـەرەکی شـــیکردنەوەی ڕســـتەش دانـــراوە ,لەبەرئەوە"لەتـــوێژینەوە کۆنەکانـــدا هەوڵێکـــی زۆر دراوە بـــۆ ئەوەی پەیوەنـــدی نێـــوان هۆکـــارە واتاییەکـــان لەگەڵ نیشـــانەکردنی دۆخ بـــدۆزنەوە, بەشـــێوەیەک کە وایـــان دانـــاوە دەرکەوتنـــی یەکێکیـــان هۆکـــاری دەرکەوتنـــی ئەوەی ترە,بۆنمـــونە ڕۆڵـــی کـــاری ڕســـتەکە دەدرێـــتە بـــکەر و ڕۆڵـــی ئەوەی کـــارەکەی بەســـەردا دەســـەپێ دەدرێ بە بەرکـــار" ( Grime,2005:p4) فیلمـــۆر لەبەرهەمەکانیـــدا جیـــاواز لەوانەی تـــر بـــاسی دۆخ دەکـــات و جۆرەکانیـــان دەستنیشـــان دەکـــات, یەکـــێ لەو لـــقە تیـــۆرانەی زمـــان کە لە دۆخ دواوە و دەرخـــراوە تیـــۆرەکەی ئەو بـــو, کە لەســـاڵی (1960) ز لەبـــارەی زمـــان و دەســـتوری زمـــانە کە بەنـــاوی ڕێزمـــانی دۆخە(case grammar) کەلەســـەر بنەمـــای ئەو دۆخە چەنـــدین تـــوێژینەوە لەبـــارەی دۆخەوە ئەنجامـــدران و توێژینەوەیـــان لەبـــارەوە کـــراوە"ڕێزمـــانی دۆخ ڕێبـــازێکە لەزمـــان و ســـەرەتای سەرهەڵدانیشـــ بـــۆ شەســـتەکانی ســـەدەی ڕابـــوردو دەگەڕێتەوە,یەکـــێ لەو زمانناســـانەی کە تیـــۆرێکی تـــایبەت بەدۆخ دانـــاوە چـــارڵز فیلمـــۆرە"(Anderson,1987:p103)بۆیەشـــە زۆرجـــار بەڕێزمـــانی دۆخ دەگـــوترێ دۆخـــی فیلمـــۆری. فیلمـــۆر لەبـــاسی ڕێزمـــانی دۆخـــدا"ڕۆڵە واتاییەکـــان دەستنیشـــان دەکـــا بـــێ ئەوەی ئامـــاژە بکـــاتە ســـەر چـــۆنییەتی دەرکەوتنـــی دۆخەکـــان لەسینتاکســـدا"(حـــاجی,2009: ل111)چـــونکە بەلای فیلمـــۆرەوە"ئاســـتی ژێـــرەوەی ڕســـتە بـــریتییە لەکارێـــک و کـــۆمەڵە دۆخێـــک کە مەبەســـت لەدۆخ ئەو پەیوەنـــدییە سینتاکســـییانەیە کە نـــاو و ئەو ڕۆنـــانە دەگـــرێتەوە کە تیایـــدا بەکـــاردێ,ئەو پەیوەنـــدیانەش لەڕوی واتـــاوە گـــرنگن"(ســـعید,1990: 1)واتە فیلمۆر،دۆخەکـــان لەڕوانـــگەی ئەرک و واتاوە دەستنیشان دەکات نەوەک لەڕێگەی ئەو نیشانانەی کە تایبەتن بەدۆخەوە.

هۆکـــاری ســـەرهەڵدانی ڕێزمـــانی دۆخـــیش لەلایەن فیلمـــۆرەوە بـــۆ ئەوە دەگەڕێـــتەوە کە"پـــاش دەرچـــونی کتێـــبە بەناوبـــانگەکەی چۆمســـکی (هەنـــدێ لایەنی سینتاکسی)لەســـاڵی 1965,کە تیایـــدا هەردو ئاســـتی ســـەرەوە و ئاســـتی ژێـــرەوەی بەبنەمـــایەک بـــۆ ڕونکـــردنەوەی واتـــای ڕســـتە دانا,لەوکـــاتەوە ئاســـتی ژێـــرەوەی ڕێزمـــانەکە کەوتە بەر ڕەخـــنە و تـــوێژینەوە,بەو بیـــانوەی پەیوەنـــدی واتـــایی بەتەواوی پشـــتگوێ خســـتوە,ئەمەش بـــوە هـــۆی ســـەرهەڵدانی ڕێزمـــانی دۆخ و ڕێبـــازی نـــوێ بـــۆ لێکـــۆڵینەوی واتـــای ڕســـتە ویەکێـــک لەو بۆچونـــانە ڕیزمـــانەکەی فیلمـــۆر بـــو لەســـاڵی 1968 ,کە بەدوای لێکـــۆڵینەوی فیلمـــۆر خۆیـــدا ســـەرەنجی کـــۆمەڵێ زمـــانەوانی بەلای خۆیـــدا بـــرد"(ســـەرچاوەی پێشـــو: 9). بۆلێکـــدانەوەی ڕســـتە و شـــیکردنەوەی دۆخ,فیلمـــۆر"بەپێـــی ئاســـتی ژێـــرەوەی ڕســـتەکان بـــۆ شـــیکردنەوەی دۆخ دەچـــو,بەو شـــێوەی کە ئاســـتی ژێـــرەوەی هەر ڕســـتەیەک پێکهـــاتوە لە بـــار(modality) و بـــنەprepositionە" (ســـەرچاوەی پێشـــو 1990: ل 1) بەلای فیلمـــۆرەوە (بـــار) بـــریتییە لەو هۆکـــارانەی کە بـــاس لەڕســـتەکە دەکەن وەک(نەرێ,پرســـیار ,ڕێژە,مۆدە,ڕادە,بـــانگکردن و سەرســـوڕمان) هەرچـــی بـــنەیە ئەو کـــۆمەڵە کەرەســـتانە دەگـــرێتەوە کە ,بەشـــەکانی هەڕەمەکـــی ڕســـتە بەدیـــاردەخەن"ســـەرەتا فیلمـــۆر لەســـاڵی 1965 هەوڵیـــدا پەیوەندی نێوان شێوەی پێکهاتەکان و پەیوەستییان بەواتاوە ڕونبکاتەوە"(ئەحمەد,2015: ل 42) وەک:

1- ڕاوچییەکە ماسیەکە بەتۆڕ دەگرێ.

2- ئەم تۆڕە ماسیەکە دەگرێ.

ئەوەی لێـــرەدا فیلمـــۆر تێبینـــی کـــرد و خســـتییەڕو ئەوەبـــو کە,ســـەرەڕای ئەوەی جیـــاوازی هەیە لەپێکهـــاتەی سینتاکســـ هەردو ڕســـتەکە بەڵام لەهەردو ڕســـتەکە (تـــۆڕەکە) ڕۆڵـــی ئـــامێری بینیـــوە و وشـــەی (ماســـییەکە) دەکـــرێ ڕۆلی بەرکـــار یـــاخود بـــاس یـــاخود کـــارتێکراو ببینـــێ"فیلمـــۆر پێشـــنیازی ئەوە دەکـــات کە ئەو ڕۆڵە ئەبســـتراکتیانە دەتـــوانن ئاســـتێکی تەنـــک بنیـــات بنـــێن,کە لەنیشـــاندانە واتـــاییەکە هەســـتی پێـــدەکرێ,تاوەکو ســـاڵی 1965 فیلمـــۆر بەڕۆڵـــی ئەو ئارگیومێنـــتانەی دەوت بەشـــــداربوە ڕۆڵگیرەکـــــان ,بەڵام دواتـــــر زاراوەی دۆخـــــی بـــــۆ ڕۆڵە ســـــیمانتیکییەکەی ئەو ئارگیوێنـــــتانە بەکارهێنا"(Fillmore,1965:p 62)

هـــیچ کـــام لەزمانناســـان و تـــویژەرانی زمـــان یەک بۆچـــونی هاوبەشـــیان نیـــیە لەبـــارەی دۆخەوە,بەڵکـــو هەر یەکەیـــان بۆچـــــون و لێکـــدانەوەی تـــایبەت بەخۆیـــان بـــۆ ئەم بـــابەتە هەیە "ڕێزمـــــانی دۆخ -دۆخـــــی فیلمـــــۆری - کـــــاردانەو و بەرەنگـــــاربونەوەی تیـــــۆری ســـــتاندارد بـــــو,ئەمەش ســـــەبارەت بە چـــــۆنییەتی شـــــیکارکردنی ڕســـــتەکان کە,چۆمســـــکی

داینــابو"(Crystal,2012,p 67). فیلمـۆر مەبەسـتی لەدانـانی ڕێزمـانی دۆخ بـۆ ئەوە بـوە کە,تیۆرێـک دابنـێ جیـا لەتیـۆرەکەی چۆمسـکی بـۆ ئەوەی شـیکارکردنی ڕسـتەکانی پێبکـات لەئاسـتی ژێرەوەدا,چـونکە فیلمۆرئاسـتی ژێـرەوەی بەلاوە گرنـگ بـو, گرنگـی زۆری بەواتـا دەدا,ئاسـتی ژێـرەوەی ڕسـتە بەلای فیلمـۆرەوە"مەبەسـت ئەو پەیوەنـدییە سینتاکسـییانەیە , نـاو و ئەو ڕۆنـــانە دەگـــرێتەوە کە تێـــدا بەکـــاردێ,ئەم پەیوەنـــدییانەش لەڕوی واتـــاوە گـــرنگن"(سـعید,1990، ل 19) لەبەرئەوەی فیلمـــۆر گرنگییەکـــی زۆری بەئاســـتی واتـــا دەدا هەربـــۆیە"لە تیۆرەکەیـــدا هەوڵیـــداوە وەڵامێکـــی چۆمســـکی و ڕێزمـــانی بەرهەمهێنـــانی ســـەبارەت بەو پەراوێـــز خســـتنەی ســـیمانتیک و پێکهـــاتە قوڵەکـــانی ڕســـتە بـــداتەوە,هەر بـــۆیەش پێـــی وابـــو دەکـرێ تیـۆری سینتاکسـیی ڕێزمـانی لەڕوی سـیمانتیکەوە ڕونبکـرێتەوە , بـۆیە زیـاتر گرنگـی بەوە دەدا کە, بـۆ هەر ڕوداوێـک یـا بارودۆخێـک کە کارێـک لەخـۆ دەگـرێ , ژمـارەیەکی دیـاریکراو لەڕۆڵ(دۆخ) وەردەگـرێ"(ئەحـمەد,2015،ل 43), لەلایەکـی تـر"فیلمـۆر لەبۆچونەکەیـدا وای بـۆ دەچـێ کە, زاراوەی دۆخ لەواتـا تەسـکە بنەڕەتیـیەکەی دەربێنـێ کە,پەیوەنـدییەکی پـتەوی بەگیرەکەکـانەوە هەیە و واتـایەکی هێنـدە فـراوانی بـداتێ کە,هەمـو پەیوەنـدییە سـیمانتیکییەکان بگـرێتەوە"(ئەحـمەد,2006: 19). فیلمـــۆر لەوبەرهەمـــانەی کە ,لەبـــارەی دۆخەوە خســـتۆتییەڕو لەهەمـــو بەرهەمەکانـــدا بەیەک شـــێوە بـــاس لەجۆرەکـــانی دۆخ ناکـــات,واتە لەهەنـــدێ بەرهەمیـــدا چەنـــد دۆخیکـــی دیـــاریکردوە و لەهەنـــدێ بەرهەمـــی تریشـــدا چەنـــد جـــۆرێکی باسکردوە , یان زۆرجار چەند دۆخێکی لابردوە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە.

**4- دۆخ لە زمانی کوردیدا**

زمانەکان لەڕەوتی گەشەسەندی خۆیاندا گۆڕانیان بەسـەردا دێ........ هـتد , بەڵام ئەوەش وەنەبـێ ئەم گـۆڕانەش بەشـێوەیەکی یەکجار خێرا بێ, بەڵکو گۆڕانەکە بەشێوەیەکی زۆرست و لەسەرخۆ دەبێ"ژمـارەی دۆخەکـان لەهەمـو زمانەکانـدا لەبنجـدا ( Deep Structure) وەک یەکـن . ئەوەنـدەیە زمانەکـان لەروی تـایپۆلۆژییەوە لەسـیمادا (Surface Structure) جیـاوازی نیشـاندەدەن لەچۆنییەتی داڕشتنی ڕێزمانییان"(ئەمین,2015,ل 10). دیاردەی دۆخ دیـاردەیەکی ڕێزمـانییە و لەبەشـێکی زۆری زمانەکـانی جیهانـدا بونیی هەیە ,بەڵام"ئەوەی تێبینی دەکرێ بەشێک لەگۆڕانی زمانەکان ئەوەیە ئەوەیە,کە بەو ئاڕاستەیە دەڕۆن دۆخ کەم بکەنەوە یـان نەیهێڵن.زۆربەی زمانەکان لە قۆناغەکانی کۆنیاندا ژمـارەی دۆخـی ڕێزمانیـان لەئێـستادا زۆرتـر بـوە" (توفیـق, ,2020:ل 105)گومـان لەوەدا نییە کە هەر زمانێک دۆخـی هەبـێ ئەوا ئەو دۆخە سیسـتەمێکی تـایبەت بەخـۆی هەیە,لەگەڵ ئەوەشـدا "لەهەنـدێ زمانـدا دۆخەکان بەئاشکرا هەستیان پێدەکرێ وەک لەزمانەکانی ئەڵـمانی و ڕوسی و عەرەبی ...., هـتد,بەڵام لەهەنـدێ زمـانی تـردا نادیـارە یاخود بەرەو سستی و لەناوچون چون"(محمد, ,2009, 188) زمان وەک دیاردەیەک کە پەیوەستە بەژیانی مـرۆڤەوە هەمیشـە بەرەو ئاسان بون ڕۆیشتوە و گەشەی سەندوە, ئەگەرچی ئەو گەشەسـەندنەش وادەکـات زمـان بەکەمـترین وزە زۆرتـرین چـالاکی ئەنجـام بدات.(جێسپرین)"ئەوەی ڕەتکردەوە کە,ئەو گەشەسەندنەی زمان بەخۆیەوە دەیبینێ و زۆرجار دەبێە هـۆی لەدەسـتدانی نیشـانە و سیمای دۆخەکان بەئاست نزمی زمانەکان دابنرێ"(زکریا ,:،1983،ص 287)ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ ئەگەر هاتو زمانێـک بەرەو کەمبونەوەی دۆخەکانی بچێ بەمانای ئەوە نایەت کە ئەو زمانە زمانێکی ئاست نزم و لاوازە ,بەڵکـو بەپـێچەوانەوە بۆمەبەسـتی ئاسانکاری ئاخێوەرانە.

لە زمانی ئینگلیزیدا نیشانەی دۆخ تەنیا لەسەر ڕاناوە سەربەخۆکاندا دەردەکەوێ"زمانی ئینگلیزی بەسێ قۆناغی مێژویی گرنگ دا ڕۆیشتوە:ئینگلیزی کۆن,ئینگلیزی چاغەکانی ناوەڕست,ئینگلیزی نوێ,ئینگلیزی کۆن هەتا ئینگلیزی چاخەکانی ناوەڕاست زمانێکی مۆرفیمی بووە,بەڵام ئینگلیزی نوێ خۆی لەو چوارچێوەیە پاراست :تەنیا لەچەند حاڵەتێک نەبێ لەحاڵەتی تەمەللوکدا"(ناوخۆش,2018:ل185)بەوپێیەی کە دۆخ نیشانەی تایبەتی فرێزە ناویەکانن هەر بۆیە جێناوە سەربەخۆکانیش دەتوانن وەک فرێزی ناوی مامەڵە بکەن بۆیەشە"دەشتوانن فۆڕمە جیاوازەکانی دۆخی ڕێزمانی بن"(محوی, ,2001: ل155)بۆ سەلماندنی ئەمەش دەتوانین جێناوە سەربەخۆکانی زمانی ئینگلیزی وەربگرین وەکو باشترین نمونەی ئەو جۆرە(He)بۆ کوڕ و (She) بۆ کچ و(It) بۆ بێگیان بۆ هەردو ڕەگەز.

هەر زمانێک بەڕێژەی جیاواز دۆخی تیدا دەردەکەوێ بەتایبەتی لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە,بەهۆی ئەوەی "دۆخ لە هەندێ زماندا لەڕوی مۆرفۆلـۆجییەوە دەردەکەوێ و لە هەنـدێ زمـانی تـر دەرنـاکەوێ"(Farakhpy,1998:p222) ڕەنـگە ئەمەش ئەوە بگەیەنـێ کە,دۆخ لە هەمو زمانەکاندا دەرکەوتنی هەبێ , جا ئەم دەرکەوتنەش لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە هەبێ یان نـا,بەهۆی ئەوەی کە, زۆر لە زمانەکان سیستەمی دۆخیان هەبوە,بۆیە" تێیدا هەر گرێیەکی ناوی لەڕستەدا شێوەیەکی فۆنەتیکی وەردەگرێ,ئەویش بۆ ئاماژەکردن

بەئەرکی ڕێزمانی یاخود ئەرکی واتایی ئەو گرێیە لە ڕستەکەدا"(Culicover,1997:p25) لە زمانی عەرەبیدا (زەممە) و (فەتحە) و (کەسرە) ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لەدیاریکردنی نیشانەی دۆخ و دانە ڕێزمانییەکان, چوار دۆخی سینتاکسی هەیە کە, بە(ڕەفح و نەصب و جەڕ و جەزم) ناودەبرێ, زمانی فارسیش خاوەنی (2) جۆر لە دۆخە,کە بریتین لە دۆخی(ناوی Nominative یان بکەریSubject) دۆخی (بەرکاری Accusative/Object ) دۆخی نۆمینەیڤ هیچ نیشانەیەکی دۆخی نییە,بەڵام کاتێک ناوەکە پاشگری (ڕا) یاخود(ۆ) ی بەدوادا دێ ئەوا دەبێتە دۆخی بەرکاری و دۆخە نادیارەکانی تریش بەهۆی پریپۆزیشنەوە دەبن.

سەبارەت بە زمانی کوردیش, ئەوا هەروەکو زمانەکانی تری جیهان کەم تا زۆر سیستەمی دۆخی خۆی هەیە ,ئەگەر چی ئەم سیستەمەش لە دیالێکتێکەوە بۆ دیالێکتێکی تر جیاوازە و گۆرانکاری بەسەدا دێ,ئەویش بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی خاوەنی چوار دیالێکتی سەرەکییە لە زمانەکەدا,هەریەک لەو دیالێکتانەش دۆخی تایبەت بەخۆیان هەیە و لەوی تریان جیاوازە,تەنانەت هەر لە دیالێکتێکدا لەوانەیە ئەم دۆخە جیاوازی هەبێ بەوەی هەندێ دۆخ لەشێوەدیالێکتێک هەبێ و لەشێوەدیالێکتێکی تر نەبێ و لەیەکتر ناچن, لەگەڵ ئەوەشدا گومانی تێدا نییە کە"زمانی کوردیی دێرین خاوەنی سیستەمێکی دەوڵەمەندی دۆخ بوە,بەڵام لەهەندێ شێوەدیالێکتەکانی بەدرێژایی مێژو سیمای دۆخیان لەدەستداوە"(حاجی,2009:ل120)واتە زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی تری دنیا بەتێپەڕ بونی کات و سەردەم دۆخی تێدا کەمبۆتەوە و لەدەستی داوە.جیاوازی دۆخ لە نێوان دو شێوەدیالێکتی یەک دیالێکتدا بەئاشکرا لە زمانی کوردیدا دیارە,کە جیاوازیان هەیە لەڕوی فۆڕمی دۆخەوە,لەم ڕووەوە ئەگەر سەیر بکەین شێوەدیالێکتی هەولێر کە سەر بە کرمانجی ناوەڕاستە و بەهەمان شێوە شێوەدیالێکتی سلێمانی کە سەر بەهەمان دیالێکتی سەرەکین,دەبینین دۆخ لەدیالێکتی هەولێر زیاتر بەدی دەکرێ وەک لەدیالێکتی سلێمانی کە دیالێکتی هەولێر فۆڕمێکی مۆرفۆلۆجییانەی هەیە, واتە شێوەدیالێکتی هەولێر سیما مۆرفۆلۆجییەکانی دۆخی زیاتر و ڕونتر بەدیدەکرێ وەک لەچاو شێوەدیالێکتی سلێمانی. هەرچی دیالێکتەکانی تری وەک کرمانجی سەرو و هەورامییە بەتەواوی مۆڕکی دۆخیان پاراستوە و سیمای دۆخیان لە دیالێکتەکانی تر زیاتر تێدا بەدەردەکەوێ و بەئاشکرا هەستیان پێدەکرێ,بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا"لە زمانی کوردیدا پاشماوەی دۆخ بەپێی دیالێکتە جیاجیاکان و بەڕێژەی جیاواز بەرچاو دەکەوێ"(قادر,2009:ل73)لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی زمانێکی ئێرگەتیڤە هەر یەک لە "دیالێکتەکانی کرمانجی سەرو و ناوەڕاست و گۆرانی/هەورامی ئێرگەتیڤی نیشاندەدەن"(محوی,2011: ل2) زمانی کوردی یەکێکە لە زمانانەی کە , بۆ نیشاندانی ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییانەی کە, لەنێوان کەرەستەکانی ڕستە هەیە وەک (بکە رو بەرکار و کار)پشت بەڕیزبونی وشەکان دەبەستیت"جۆری ڕیزبونی وشەکان لەزمانیکەوە بۆ زمانێکی دەگۆڕێ,هەندێجار لەهەمان زماندا جیاوازی دەبێ"(عەلی,2014: ل266) بۆ سەلماندن و ڕونکردنەوەی ئەم پێرەوەش لەڕیزبونی وشەکان ئەوە شوێنی وشە لە داڕشتە سینتاکسییەکاندا دۆخ دەردەخات,بۆ نمونە:

1- هیوا برای کارزان دەناسێ.

2- برای کارزان هیوا دەناسێ.

لەڕستەی یەکەمدا ئەگەر سەیری فرێزی ناوی (هیوا ) بکەین ئەرکی بکەرە و لەم حاڵەتەشدا دۆخی بکەری وەردەگرێ, فرێزی (برای کارزان) کە بەرکارە و دۆخی بەرکاری وەردەگرێ. ئەگەر بێ و شوێنی هەر یەک لەم فرێزانە بگۆڕین ئەوا ئەو ئەرکەی دەیبینن لەچوارچێوەی ڕستەدا گۆڕانیان بەسەردا دێ بەجۆرێک ئەرکی دۆخەکانیش دەگۆڕێن وەکو لەڕستەی دووەمدا دیارە.زمانی ئینگلیزیش یەکێکە لە زمانانەی کە پشت بەڕیزبون و ڕێکخەری وشەکان دەبەستێ,"بکەر لەزمانی ئینگلیزیدا دەکەوێە پێش کار و بەرکار و ڕاستەوخۆ پێش کار دێ"(O,Grady,2005:p334)هەرچی لە هەندێ زمانی تری وەک لاتین و وێڵزی و ڕوسی و ژاپۆنی....هتد,ڕێکخەری وشە ئەو ڕۆڵە سەرەکییە نابینێ لە دیاریکردنی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان.

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین لە دیالێکتی ناوەڕاست و لەشێوەدیالێکتی هەولێردا هەندێ دۆخی تر لەحاڵەتەکانی وەک(بەرکار ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ,بانگهێشتکردن و خستنەپاڵ) دا دەردەکەوێ,ڕەنگە دۆخی زیاتر لە دیالێکتی ناوەڕاست هەبێ و لەکاتی خۆی باسیان لێوە دەکەین. لە کرمانجی سەرو و گۆران دۆخ لە حاڵەتەکانی وەک (بانگهێشت,خستنەپاڵ,تیان و ڕەگەز)دەردەکەوێ .

**5- دۆخی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا**

دۆخ تایبەتمەندییەکی ڕێزمانییە , کە فۆڕمی مۆرفۆلۆجی وشەیەک دەگۆڕێ بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە دیاریبکات کە وشەکە لە ڕستەدا دەیبینێ,دۆخی ڕێزمانی"سیستەمی دەستنیشانکردنی ناوە دیارخەرەکانەبۆ

ئەوەی ئاماژە بەجۆری ئەو پەیوەندییانە بکات کە لەگەڵ وشە سەرەکاندا هەیانە یاخود بەشێوەیەکی تر نیشاندانی ئەو پەیوەندیەیە کە ناوێک بەرامبەر کارێک هەیەتی چ لەرستەیکدا بێ یان فرێزێکی بەندا یاخود ناوێکی تر لە ئاستی فرێزدا"(Blake,1994:p1)زمانی عەرەبی زمانێکی تەواو دۆخ مۆرفۆلۆجییە و بەهۆی نیشانەوە دۆخە مۆرفۆلۆجییەکانی نیشاندەدات,کە نیشانەکایش بریتیین لە (فەتحە و زەممە و کەسرە),بەڵام لە زمانی کوردی دۆخ بەهۆی نیشانەی مۆرفۆلۆجییەوە لەهەندێ دیالێکتدا دەرناکەوێ و نیشانەی نییە واتە ئەبستراکتە,بەتایبەتی ئەگەر سەیری دیالێکتی سلێمانی بکەین"فرێزە ناوییەکانی ئەو دیالێکتە بەپێی شوێنە چەساوەکانییان لەرستەدا دۆخی ڕێزمانییان پێدەدرێ"(مەحوی,2001: ل156)بەڵام دیالێکتی هەولێر کە سەر بەهەمان دیالێکتی دیالێکتی سلێمانییە کەچی دۆخ لەهەندێ کاتدا فۆڕمێکی مۆرفۆلۆجییانەی هەیە وەکو ئەم نمونەی خوارەوە:

3- ئەمن نانەکەی دەخۆم.

لێرەدا (ی) نیشانەی مۆرفۆلۆجی دۆخەکەیە و لە دۆخە بەرکاریدایە و دەرخەری دۆخە,بەڵام لەدیالێکتی سلێمانی ئەم نیشانەیە بونی نییە و وەکو:

4- من نانەکە دەخۆم.

وەک دەبینین کە هیچ نیشانەیەکی دۆخ نەچۆتە سەر فرێزی ناوی (نانەکە) و هیچ دۆخێک لێرەدا دەرنەکەوتوە بەپێچەوانەی دیالێکتی هەولێر. لە دیالێکتی سلێمانی زیاتر لەکاتی بانگکردن دۆخ دەردەکەوێ وەکو ئاماژەمان پێکرد کە لە دیالێکتی ناوەڕاست ئەم دۆخە بەئاشکرا دەردەکەوێ وەک (خاڵە ,مامە, باوکە,پورێ,کچێ....هتد,بەڵام لە دیالێکتەکانی کرمانجی سەرو و گۆران نیشانەکانی دۆخ دەرکەوتوترن و ئاشکراترن. لە زمانی کوردیدا چەند جۆرێک لە دۆخ دیاریکراوە و باسکراون وەکو دۆخەکانی(بکەری,بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ(تیان), خستنەسەر و بانگکردن و ڕەگەز) ,تاوەکو ئێستا بەتەواوی دیارنەکراوە کە زمانی کوردی چەند دۆخی هەیە,بەڵام ئەو دۆخانەی بەرچاون و باسییان لێوەدەکرێت ئەمانەن:

1- دۆخی بکەری

2- دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ/ناڕاستەوخۆ

3- دۆخی خستنەسەر

4- دۆخی شوێنیی

5- دۆخی کاتیی

6- دۆخی بانگکردن

7- دۆخی ڕەگەز

8- دۆخی ئامێری

لەبەشەکانی دواتردا بەوردی و بەنمونەی ڕستەییەوە باسی هەریەکە لەم دۆخانەی سەرەوە دەکەین لە دیالێکتە جیاوەزەکانی زمانی کوردیدا.

**6- دۆخی ڕەگەز لەزمانی کوردیدا:**

زاراوەی جێندەر زاراوەیەکی کۆنی لاتینییە "وشەی جێندەر -Gender- لە وشەی لاتینی جینۆس(Genus) ەوە هاتوە"(توفیق,2014: ل3) ڕەگەز(جنس) مێژویەکی کۆنی هەیە و هەر لە کۆنەوە مرۆڤ هەوڵیداوە ڕەگەز بۆ شتەکانی دەوروبەری دابنێ و ڕەگەزەکانیان دەستنیشان بکات. ڕەگەز لە زانستی زماندا بریتییە لەجیاوازی نێوان نێر و مێ لەزمانی نوسین و ڕێزمان,بەتایبەتی لە ڕستەسازیدا هەروەها دەکرێ ڕەگەز بەوجیاوازییانە لێکدبدرێتەوە کە لەنێوان نێر و مێدا بونیان هەیە بەتایبەتیش لە جیاوازییانەی کە لەڕوی نابایلۆجییەکان هەیە , زۆرجار ڕەگەز لەڕوی کەلتورەوە بەجۆرە پێناسە دەکرێ کە بریتییە لەناسینەوەی سروشتی نێر و مێ. پەیوەندی نێوان ڕەگەز و زمان سەرەنجێکی زۆری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە .سەبارەت بە ڕەگەز لە زمانەکانی جیهاندا نزیکەی یەک لەسەر سێی زمانەکانی جیهان ڕەگەز بەکاردەهێنن بەتایبەت لەڕوی تەکتیکەوە,ڕەگەز لەزماندا

ڕێگەیەکە بۆ پارچەکردنی ناوەکان بۆ پۆل یان پۆلینکردنی ناوەکان ,ناوێک کە بەشێکە لەزمان,چونکە ناوەکان دەتوانن ئاماژە بەناوی تاکە کەسێک بکەن وەک ناوی تایبەتی یاخود ئاماژەکردن بە ناوی نیر و مێ,چونکە ڕەگەز جۆرێکی کاتیگۆری ناوەکانە و دیاردەیەکیشە لەزۆربەی زمانەکاندا هەیە و بەکاری دەهێنن ,جا ڕەگەزی سروشتی بێ یان ڕەگەزی ڕێزمانی کە جیاوازی لەنیوانیاندا هەیە توێژینەوەکان لەبارەی هەردو ڕەگەزی نێر و مێ سەرەنجێکی زۆری زمانەوانەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا ئەویش لەڕوی جیاوازی بەکارهێنانی زمان لەلایەن هەردو ڕەگەزەوە ,بەهۆی ئەوەی "ڕەگەز بەیەکێک لە فاکتەرە چاڵاکەکان دادەنرێ بۆ سەرهەڵدانی جیاوازی لە زمانی قسەکردن و پێکهێنانی دیالێکتی کۆمەڵایەتی ,واتە زمان بەپێی بەکارهێنانی لەلایەن مرۆڤەوە دەگۆڕێ,هەروەها لە زۆربەی زمانەکاندا جیاوازی لەنێوان قسەکردنی ڕەگەزی نێر و مێ دروستدەکات ,ئەمەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر ڕێژەکەی دەگۆڕێ"(ئیبراهیم,2004:ل 22)

هەندێ لەزمانەوانانی کورد لەو بڕوایەدان ,کە دۆخ لەزمانی کوردیدا ڕەسنیەتیی زمانەکە نیشاندەدات"لەشێوەدیالێکتی کرمانجی سەرووداناوەکان بەپێی ڕەگەز دابەشکراون,هەروەها جیاکردنەوەشیان بەهۆی مۆرفیمی تایبەتییەوەیە,کە بۆ ڕەگەز بەکاریدەهێنن و بەکۆتایی ناوەکە دەلکێ,ئەم کردەیەش کاتێک بەکاردەهێنرێ ئەگەر هاتو ناوەکە لەڕستەدا بەکاربهێنرێ"(عوسمان , 2018: ل56)ڕەگەز لەزمانی کوردی کرمانجی سەرودا"ئەگەرچی بەهۆی کرداری بیستنەوە ڕەگەزی نێر و مێ لەیەکتر جیادەکرێتەوە ,بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی نیشانەی تایبەتییەوە جیاوازی نێر و مێ دەکرێ,واتە بەهۆی نیشانەڕێزمانی تایبەتییەوە ڕەگەزی نێر و مێ جیادەکرێەوە ,ئەم جیاکردنەوەیەش بەهۆی نیشانەی ڕەگەز و ئامرازی دانەپاڵ و جێناو و ئاوەڵناو و دۆخی بانگکردنەوە دەبێ"(خۆشناو, 2014:ل129)دیالێکتی کرمانی سەرو پێچەوانەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە,چونکە "لە دیالێکتی خوارووی زمانی کوردیدا ,بەتایبەتی لەناوچەی سلێمانی و هەندێ شوێنی تردا لەمێژە جنسەکانی ناو نەماوە و بەرگی سستیان لەبەرکراوە"(مارف, ,1979: ل165)بەڵام لەکرمانجی سەروو نیشانەکانی دۆخ بەتایبەتی لەدۆخی تیان و بانگکردن و ئیزافەدا ڕون و ئاشکرا خۆیان دەنوێنن,کە لەبەشی دواتر بەشێوەیەکی ورد باس لەڕەگەز دەکەین لە کرمانجیی سەرو.دۆخی ڕەگەز لەزمانی کوردیدا بەمشێوەیەیە :

1- مۆرفیمەکانی ڕەگەز لە دیالێکتی ناوەڕاست:

لەم دیالێکتەدا تەنیا لە بانگکردندا مۆرفیمەکانی ڕەگەز ڕەنگدانەوە:

أ- (ە) بۆ تاکی نێر ب- (ێ) بۆتاکی مێ ج- (ینە) بۆ کۆی نێر و مێ

2- مۆرفیمەکانی ڕەگەز لە کرمانجی سەرو:

أ- بۆ دۆخی خستنەسەر

( ا ) بۆ تاکی مێ

( ێ ) بۆ تاکی نێر

( ین ) بۆکۆی نێر و مێ

ب- ناڕاستەوخۆ

( ی )بۆ تاکی نێر

(ێ) بۆ تاکی مێ

(ن) بۆ کۆی نێر و مێ

ج- لەڕاناودا

(وی) بۆ تاکی نێر

(وێ) بۆ تاکی مێ

(وان)بۆ کۆی نێر و مێ

د- لە بانگکردن

(ۆ)بۆ تاکی نێر

(ێ) بۆتاکی مێ

لەبەشی پراکتیکی توێژینەوەکە ئەم مۆرفیمانەی ڕەگەزیش بەنمونەی ڕستەیی دەخەینەڕو ,کە لەدیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی و بەتایبەتی لە کرمانجی سەرو ڕەنگدەداتەوە.

**7- دۆخ لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی**

سیستەمی دۆخ لە زمانی کوردیدا بەپێی دیالێکت و شێوەدیالێکتەکان جیاوازیان هەیە,زمانی کوردی ,کە خاوەن چوار دیالێکتی سەرەکییە ئەوانیش(ناوەڕاست,کرمانجی سەروو,لوڕ,گۆران),هەر یەک لەم دیالێکتانەش دەرکەوتی دۆخ تیایاندا جیاوازە و ڕێژەکەیان وەکو یەک نییە و هەر یەکەیان چەند جۆرێک لە سیستەمی دۆخیان هەیە.

**1-7:دیالێکتی ناوەڕاست :شێوەدیالێکتی هەولێر**

شیوە دیالێکتی هەولێر,کە سەر بەدیالێکتی ناوەڕاستە,بەشێوەیەکی بەرچاو سیستەمی دۆخی تیادا دەردەکەوێ , بەواتای ئەوەی لەدیالێکتی هەولێردا دۆخ فۆڕمێکی مۆرفۆلۆجیی هەیە,تەنانەت شێوەدیالێکتی هەولێر لەگەڵ سلێمانی ,کە سەر بەیەک دیالێکتن جیاوازییان لەنێواندا هەیە,دۆخ لە دیالێکتی هەولێر زیاترە وەک لە دیالێکتی سلێمانی ,لەدیالێکتی هەولێر هەندێک نیشانەی دۆخ ماون لەبەرامبەردا لە دیالێکتی سلێمانی نەماون , بەهۆکاری ئەوەی زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی , کە دۆخە ڕێزمانییەکەی بەمۆرفۆلۆجی ناودەبرێ ,جا بۆیە "لەبەرئەوەی زمانەکەمان خاوەنی دۆخی ڕێزمانی ڕۆنانییە ,فرێزی ناوی بەئۆتۆماتیکی دۆخی ڕێزمانی بکەری پێدەدرێ,ئەگەر کردارێکی کات و کەسدار هەبن"(محمد,2009,ل200).هەندێک لەو نیشانانەی دۆخ کە لەدیالێکتی هەولێر ماون بێجگە لە دۆخی بکەری ,کە هیچ نیشانەیەکی نییە ئەمانەن:

**1-1-7:دۆخی بکەری:**

ئەم دۆخە بەشێوەیەکی گشتی هیچ نیشانەیەکی نییە کە ئاماژە بە دۆخە بکات ,بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فرێزە ناوییەکە ئەرکی بکەر دەبینێ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی دۆخی بکەری یان ناوی(Nominative) پێدەدرێ" جا ئەگەر بکەرە فرێزێکی ناوی بەرجەستە بێ "(سەرچاوەی پێشو,200)وەک لەو ڕستانەی خوارەوە دیارن:

5 - ئەوان هاتن.

6- ئەمە(ئێمە) ئەوان دەناسین .

7- منداڵەکە شیرەکەی خواردەوە.

8- کچەکە جلەکانی شوشت.

لەم نمونانەی سەرەوە بەتایبەت لە نمونەی یەکەم و دوەمدا دەبینین ئەگەرچی بکەری ڕستەکان ناون نین ,بەڵکو جێناون (ئەوان-ئێمە) لەگەڵ ئەوەشدا جێناوەکان لەهەردو ڕستەکەدا دۆخی بکەرییان وەرگرتوە ,ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەبری فرێزێکی ناوی بەکارهاتون,هەروەها هەردو ناوی (منداڵ و کچ) یش دۆخی بکەرییان وەرگرتوە,واتە لەزمانی کوردیدا کاتێک ناو یان جێناوێک وەکو بکەەر لەڕستەدا بەکارهات ,ئەوا ڕاستەوخۆ دۆخی بکەری پێدەبەخشرێ,بەتایبەتیش کاتێک ڕستەکە کات و کەسی تێدابێ.

**2-1-7: دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ**

دۆخی بەرکاری یاخود ئەکیوزەتیڤ دۆخێکی ڕێزمانییە,بۆ دیاریکردنی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبێ لەڕستەکە کارێکی تێپەر بونی هەبێ,دۆخی بەرکاری لەدیالێکتی هەولێر نیشانەکەی برێتییە لە (ی) کە دەچێتە سەر فرێزە ناوییە بەرکارەکە,هەندێجاریش ئەم دۆخە "تا ڕادەیەکیش تێکەڵ بەنیشانەی جێندەریش دەبێ ,بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆخ دەردەبڕێ"(قادر,2009:ل96),ئەگەر سەیری ئەم نمونانەی خوارەوە کەین هەست بەنیشانەی دۆخەکە دەکرێ

9- ئەمن نانی دەخۆم.

10- ئەمن نانەکەی دەخۆم.

لەڕستەی یەکەمدا مۆرفیمی (ی) کە نیشانەی دۆخەکەیە چۆتە سەر ڕێزی ناوی (نان) ,بەمەش دۆخی بەرکاری پێبەخشیوە,لەڕستەی دوەمیشدا مۆرفیمی (ی) چۆتە سەر نیشانەی ناسیاری ,کە ئەمە نیشانەیە بۆ بەهێزی دۆخەکە,واتە مۆرفیمی (ی) نیشانەی مۆرفۆلۆجی دۆخ دەگەیەنێ بۆ هەمو ناوێک,بەڵام بەو مەرجەی ناوەکە لەدۆخی بەرکاریدا بێ.

**3-1-7:دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ**

ئەم دۆخە بەهۆی پێشگرەکانەوە دەبن,ئەگەنا هیچ نیشانەیەکی تایبەتی نییە کە دۆخ بەبەرکاری ناڕاستەوخۆ بدات" تا ئێستا زانیومانە,کە ئەرکە سینتاکسییەکانی زمانی کوردی کاردانەوەیەکی مۆرفۆلۆجی نیشانادەن و کردار دۆخێکی ئەبستراکت(نادیار)بەفرێزە ناوییەکان دەبەخشن,ئایا پێشناوەکان لەم ڕووەوە هەمان هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کردارەکانیان هەیە؟"(محمد,2009: ل208)لەڕێزمانی کوردیدا دوو جۆر پێشناو هەیە,کە پێان دەگوترێ پێشناوی ڕاستەقینە , ئەوانیش ئەو پێشناوانەن,کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەناو فەرهەنگدا تۆمارکراون,وەک پێشناوەکانی (بە – بۆ – لە ), لەدیالێکتی هەولێر لەبڕی پێشناوی (بۆ) زیاتر(لۆ) بەکاردێ , کە ئەمەش جیاوازییەکی دیاری ئەم دیالێکتەیە لەڕوی بەکارهێنانی ئەم پێشناوە, وەک :

11- ئەنگۆ کتێبەکەتان لۆ من نارد.

12- کاروان لۆ دهۆکێ چو.

13- ئێمە وەها لە باروودۆخەکە تێدەگەین.

14- من پارەکەم بەئەو / بەوی نارد.

لەلایەکی تریشەوە جۆرێکی تر لە پێشناو هەن کە پێیان دەگوترێ پێشناوی درۆینە,ئەوانیش ئەو جۆرەن ,کە لەناو فەرهەنگدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ تۆمار نەکراون "بەڵکو وەک بەشێکی بنجی کردار لەفۆرمیکی فۆنۆلۆجی و فەرهەنگییەوە لەناو فەرهەنگدا تۆمارکراون وەک(پێ-,/تێ-/لێ-/ ئەوانیش ناتوانن دۆخی ڕێزمانی بدەن"(سەرچاوەی پێشو:ل 208)

واتە ئەگەر هاتو پێشناوەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەناو فەرهەنگ تۆمارنەکرابن ,توانای ئەوەیان نابێ دۆخ بەفرێزە ناوییەکەی دوای خۆیان بدەن,بەڵکو مەرجە دەبێ بەشێوەی سەربەخۆ پێشناوەکان بتوانن بەکاربهێنرێن.

**4-1-7: دۆخی خستنەسەر**

دۆخی خستنەسەر دۆخێکی فراوانە و لەزۆربەی شێوەدیالێکتەکانی زمانی کوردیدا بەدیدەکرێن ,دیالێکتی هەولێریش ئەم دۆخەی تێدا بەدیدەکرێ و,ئەگەرچی مۆرفیمەکانی خستنەسەر لەدیالێکتی ناوەڕاست زیاتر ئاماژە بە (ی – ە )دەکرێ بەڵام لەدیالێکتی هەولێر نیشانەکانی بریتیین لە(ێ – ە - ی),دیسانەوە" دۆخەکە لەنێوان نێر و مێدا جیاوازی دەکا,بەم پێیە نیشانەی خاوەنییەتی و جێندەر و خستنەپاڵ ئیزافە لە نیشانەکە کۆ دەبنەوە"(قادر,2009:ل 97)لەدۆخی خستنەسەردا جیاوایەکە لەنێر و مێدا ئەوەیە (ێ) بۆ مێ و (ی) یش بۆ نێر بەکاردیت,ئەم نیشانانەش ئەرکیان گرێدانی ناوەکانە و دەچنەسەر ناوی گشتی و تایبەتی و ناسیاری و نەناسیاری,لەڕێگەی خستنەسەریشەوە دەتوانرێ ڕستەکان فراوان بکرێن

15- داکێ من مامۆستایە.

16- داکێ زاوای زۆر دڵخۆشبو.

17- بابی من شەو و ڕۆژ کاردەکات.

18- بابی قوتابییەکە بەخێرایی هات بۆ قوتابخانە.

19- کیژە جوانەکە لەحەوشە دانیشتوە.

20- منداڵە ژیرەکە لەماڵەوە یاریدەکا.

لەم نمونانەی سەرەوە دیارە,کە مۆرفیمی (ێ – ە - ی) وەکو نیشانەی خستنەسەر بەکارهاتون بەڵام ئەوەش ڕونە ,کە بۆ هەردو ڕەگەزی نێر و مێ نیشانەکە جیاوازە,بەڵام مۆرفیمی (ە)بۆ هەردوکیان بەکارهاتوە. ئەگەرچی نیشانەی دۆخی خستنەسەر لەهەندێ شێوەدیالێکتی تری سەر بەدیالێکتی ناوەڕاست بریتییە لە (ی – ە ) وەکو سلێمانی ,بەڵام لەدیالێکتی هەولێر جیاوازە وئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێەوە ,کە مەرج نییە هەمو شێوەدیالێکتەکانی سەر بەیەک دیالێکت هەمان نیشانەی دۆخییان هەبێ,چونکە بەپێی تێپەڕبونی کات گۆڕانکاری بەسەر نیشانە و جۆری دۆخەکانیشدا هاتوە.

**5-1-7:دۆخی کاتیی**

ئەم دۆخە باس لەکاتی ڕودانی کارەکە دەکات,لەدیالێکتی هەولێریشدا لەهەندێ هەڵوێسی ئاخاوتن بەکاردێ ,ئەمەش لەڕێگای دو شێوە دەبێ:

أ- دەرکەوتنی دۆخەکە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە پێشگرێکی لەگەڵدا بێ و بەشێوەیەکی ئاسایی بەکاردێک

21- ئەمن شەوێ نان ناخۆم.

22- ئەمە بەهارێ دەچینە گوندی.

23- ئەمن سبەینێ دڕۆم.

هەریەک لەئاوەڵکارەکانی (شەوێ – ئێوارێ – سبەینێ)بەبێ هیچ پێشناوێک بەکار هاتون و دۆخی کاتییان وەرگرتوە,بەتایبەتیش بەهۆی مۆرفیمی (ێ) کە چۆتە سەر ئاوەڵکارەکان.

ب- دەرکەوتنی دۆخەکە لەگەڵ پێشگرەکان یان پێشناوەکان,بەتایبەتیش پێشگرەکانی (بە )

24- ئەمن بەنیوڕانێ دێم.

25- ئەمن بەشەوێ سەفەر دەکەم.

بەشێوەیەکی گشتی لەدۆخی کاتیدا لەدیالێکتی هەولێر نیشانەکە بریتییە لە (ێ) جا لەگەڵ پێشگر بێ یان بێ پێشگر,کە بەئاوەڵکاری کاتییەوە دەنوسێ و دۆخەکەی پێدەبەخشێ, تاوەکو ئێستاش ئەم جۆرە دەربڕینە ماوە و لەشێوەدیالێکتە جیاوازەکانی هەولێر بەکاردەهێنرێ.

**6-1-7:   دۆخی شوێنی**

ئەم دۆخەش بەهەمان شێوەی دۆخی کاتیی نیشانەی دۆخەکە دەچێە سەر ئاوەڵکاری شوێنی و پێوەی دەنوسێ,لەم دیالێکتەش نیشانەی دۆخی شوێنی بریتییە لە (ێ – ی ):

26- ئەمن دەچمە شاری

27- ئەمن دەچمە گوندی

28- ئەمن دەچمە هەولێرێ

29- ئەمن دەڕۆمە دەشتێ

هەریەک لە نیشانەکانی (ی – ێ ) کە چونەتە سەر ئاوەڵکارە شوێنییەکانی (شار و گوند و هەولێر و دەشت) ئاماژە بەدۆخی شوێنی دەکەن و کەوتونەتە کۆتایی ئاوەڵکارەکە,مەرجیش نییە ,کە ئاوەڵکارە شوێنییەکە تەنیا لەکۆتایی بێ ,ڕەنگە بکەوێە ناوەڕاست :

30- ئەمن لە گوندی دەژیم.

31- ئەمن لە هەولێرێ گەورەبوم .

ئەو پاشگرانەی ,کە دەکەونە کۆتایی فرێزە ناوییەکان ئاماژەن بۆ جۆرە ڕێزمانییەکان ,بەتایبەتیش نیشانەی دۆخی ڕێزمانی.

**7-1-7: دۆخی بانگکردن**

بانگکردن جۆرێکە لەجۆرەکانی دۆخ و بەهۆی ئامرازەکانی بانگکردن یان نیشانەیەک لەنیشانەکانی بانگکردن دەبینرێ, لەدیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا لەحاڵەتی بانگکردندا جیاوازی لەنێوان نێر و مێدا دەکرێ,ئەگەرچی ئامرازەکانی بانگکردن زۆرن وەک(ئەی , هۆ ,هێ.....هتد)بۆنمونە:

32- ئەی هەولێر ,شارێکی چەند خۆشیت.

33- هۆ پیاوەکە بۆ کار ناکەیت.

34- هێ ژنەکە ,خواردن ئامادەیە؟

" لەم نمونانەی سەرەوە دەردەکەوێ ئامرازەکانی (ئەی,هۆ,هێ ) بۆ بانگکردن بەکارهاتون,هەمیشە پێش بانگکراوەکە دەکەوێ"(لێژنەی کۆڕ,1976:ل4 29)

سەبارەت بەدۆخی بانگکردن ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی تری بانگکردنە وەک(ە – ێ – ۆ ),چونکە بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمانەی بانگکردن ڕۆژانە بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێن,بانگکردنیش بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە و وشیارکردنەوەی کەسی دوەمە لەلایەن کەسی یەکەم,دیسانەوە ئەم مۆرفیمانەش تێکەڵ بەجێندەر دەبن و هەریەکەیان بۆ ڕەگەزێکی جیاواز بەکاردێ,بەجۆرێک بۆ ڕەگەزی نێر(ۆ – ە ) بەکاردێ و بۆ ڕەگەزی مێ (ێ) بەکاردێ,بۆنمونە:

35- کیژێ, وەرە دانیشە.

36- خوشکێ وانەکە باش بخوێنە .

37- کوڕە,کارەکە بەجوانی بکە.

38- مامە ,ئەحواڵت چۆنە؟

39- خاڵۆ ,هاوکاریم بکە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کاتێک ناوە بانگکراوەکە بە پیتی بزوێن کۆتایی بێ ,ئەوا نیشانەی بانگکردن بۆ ڕەگەزی نێر دەرناکەوێ,وەک:

40- کابرا, ڕێگاکەم نیشانبدە.

41- حاجی ,چەند جار چویت بۆ حەج؟

لەلایەکی تریشەوە مۆرفیمی (ە) کە بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێ لە دۆخی بانگکردندا ,زۆرجار بۆ ڕەگەزی (مێ)ش بەکاردێ , واتە دەکرێ بگوترێ مۆرفیمێکە بۆ هەردو ڕەگەز بەکاردێ,وەک:

42- خوشکە,ئاگات لەمنداڵەکان بێ.

43- دایکە ,زۆرم برسییە.

ئەو مۆرفیمانەی سەرەوە بۆ ناوی تاک بەکاردەهاتن,بۆ ناوی (کۆ)ش مۆرفیمی (ینە) بۆ کۆی هەردو ڕەگەز بەکاردێ,وەک:

44- ڕۆلەینە باش بخوێنن,

45- جەنگاوەرینە مەردانە شەڕ بکەن.

46--منداڵینە,بەجوانی یاریبکەن.

**8-1-7: دۆخی ئامێری**

بریتییە لەئەنجامدانی کارێک بەهۆی ئامێرێکەوە یان شتێکەوە ,کە کارەکەی پێ ئەنجام بدرێ,ئەم دۆخە لە زمانی کوردیدا بەهۆی پێشبەندی (بە) ەوە دەبێ,نمونە:

47- ئەمن بەسەیارەی دێم.

48- ئەمن بەدەستی گوێزەکە دەشکێنم.

49- کیژەکە بەچەقوی دەستی خۆی بڕی.

هەر کارێک لەم کارانەی سەرەوە لەڕێگەی ئامێرێک یان شتیکەوە ئەنجامدراون ,ئەویش بەهۆی (پێشبەندی ی + پاشگری ی),چونکە لەدیالێکتی هەولێردا , زۆربەی کات لەدەربرینی وشەکاندا ئەم پاشگرەی (ی) یە بەکاردەهێنرێ و دەچێتە کۆتایی ناوەکە.وەک:

50- بە کارەبا ی

51- بە چەکوچ ی

52- بە بەرد ی

**2-7:دیالێکتی ناوەڕاست(شێوە دیالێکتی سلێمانی):**

**(**دیالێکتی سلێمانی) یش, هاوشان لەگەڵ دیالێکتی هەولێر سەر بەدیالێکتی ناوەڕاستە و لەبەشێکی دۆخەکانیش لەگەڵ دیالێکتی هەولێر یەک دەگرنەوە , لەگەڵ چەند جیاوازییەکی کەم لە مۆرفیمی دۆخەکان و جۆرەکانی. دیاردەی دۆخ لەدیالێکتی سلێمانیدا تا ڕادەیەکی زۆر بەرەو سستی و لەناوچون ڕۆیشتون,بەڵام ئەمەش وەنەبێ هیچ دۆخێکی تیا نەمابێ,هەرچەندە لەم دیالێکتە کۆتایی ناو لەناوچوە ,بەڵام هیشتا لە دۆخەکانی خستنەسەر و بانگکردن و ڕەگەز مۆرفیمەکانی دۆخ ماون و هەستیان پێدەکرێ,دەکرێ بەشیوەکی گشتی لەم دیالێکتە چەند جۆرێکی دۆخ دیاری بکرێ بەپێی ئەو جۆرانەی دۆخ کە بەشێوەیەکی ستاندارد لەزمانەکانی تریشدا هەن ,دەکرێ لەزمانی کوردی و بەتایبەتیش لەشێوەدیالێکتە جیاوازەکانیدا دیاریبکرێن,لەم دیالێکتەش دەتوانرێ دۆخەکانی(بکەری و بەرکاری ڕاستەخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ و خستنەسەر و بانگکردن ) و چەند جۆرێکی تریش دەستنیشان بکرێ,ئەگەرچی لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە ڕەنگە هەندێک لەدۆخەکان هیچ نیشانەیەکییان نەبێ ,بەڵام هەر دەکەونە دۆخەوە.

**1-2-7: دۆخی بکەری(Nominative)**

ئەم دۆخە هیچ نیشانەیەکی تایبەتی نییە ئاماژە بە دۆخەکە بکات,بەڵام " ئەم جۆرە دۆخە لەلایەن کات و کەسی کردارەوە بەجێکەوتەیەکی دەرەکی دەدرێ,کە بەزۆری بەفرێزێکی ناوی پڕ دەبێتەوە"(معروف,2009: ل10) ئینجا ناوەکە چ تایبەتی بێ یان گشتی ناسراو یان نەناسراو ,یاخود جێناو,جیاوازی نییە و ڕۆڵی بکەری دەبینێ و ڕاستەوخۆ دەبێە دۆخی بکەری,نمونە:

53- پزیشکەکە نەخۆشەکەی چارەسەرکرد.

54-پزیشکێک نەخۆشەکەی چارەسەرکرد.

55- شیرین نانەکەی کرد.

56-ئەوان خانوەکەیان دروستکرد.

هیچ کام لەو بکەرانەی لەسەرەوە هاتون,نیشانەی دۆخییان پێوە نەلکاوە بەڵام بەهۆی ئەوەی کات و کەس لەڕستەکەدا هەن ,هەریەک لەناوەکانی(پزیشک,شیرین) و جێناوی سەربەخۆی(ئەوان)دۆخی بکەرییان وەرگرتوە.دیالێکتاوەی دۆخی بکەری بەشێوەیەکی گشتی لەبنەڕەتدا هەر بۆ دۆخی بکەر بەکاردێ,دۆخی بکەریش بەوە دەناسرێتەوە لەبەشێکی زۆری زمانەکاندا هیچ نیشانەیەکی دۆخی نییە تا پێی بناسرێەوە,بۆیە ئەو ناوانەی ,کە دەکەونە ناو ئەم دۆخە نیشانەکەیان سفرە.

**2-2-7: دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ**

یەکی لەکەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە بەرکارە,ئەو ڕستانەش بەرکار وەردەگرن,کە کارەکانیان تێپەڕن,لەدیالێکتی سلێمانی (بەرکار) وەکو بکەر هیچ نیشانەیەکی دۆخ وەرناگرێ و نیشانەکەی سفرە,بەواتای ئەوەی هیچ مۆرفیمیک نییە نیشانی بدات ,کە ئەمە بەرکارە,بەڵام ئاشکرایە بەرکار کاریگەری کارەکەی لەسەرە ,ئەو فرێزە ناوییەی ,کە ئەرکی بەرکار دەبینێ ,دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ(Accusative)وەردەگرێ.

57- من نامەکەم نوسی.

58- کچەکە قاپەکانی شوشت.

59- کرێکارەکان دیوارەکەیان ڕوخاند.

بەهۆی ئەوەی لەزمانی کوردی (کار) دەتوانێ دۆخەکە دیاریبکات,بەم پێیەش نزیکرین کەرەسە لە کار,(بەرکار)ە بۆیە دۆخی بەرکاری لەلایەن کاری تیپەڕی رستەکەوە دیاریدەکری,وەک لەنمونەکانی سەرەوەدا هاتوە,کە کارەکانی (نوسی, شوشت,ڕوخاند)دۆخیان بەفرێزە ناوییەکانی (نامە , قاپ, دیوار) بەخشیوە,کە بەرکاری ڕستەکانن.

**3-2-7: دۆخی بەرکاری ناڕاسەوخۆ(تیان)**

ئەم دۆخە لەڕێگەی پێشناوەکانەوە دروست دەبێ و پیشناوەکان ڕۆلێکی گرنگ لە دروسبونی ئەم دۆخە دەبینن,بەتایبەتیش ئەو پێشناوانەی ,کە لەناو فەرهەنگی زمانەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ تۆمارکراون و بەکاردەهێنرێن,چونکە پێشناوەکان دەتوانن دۆخ بەفرێزە ناوییەکانی دوای خۆیان ببەخشن ,ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم پێشناوانە کەرەسەی حوکمکەرن,ئەمیش وەک فرێزێکی بەند دەردەکەوێ,کە بریتییە لە (پێشناو+فرێزی ناوی) .

60- شەونم کتیبەکەی لەبراکەی وەرگرت.

61- ئازاد نامەکەی بۆ باوکی نوسی.

62- دایکەکە مناڵەکەی بەگریانەوە خەواند.

لەڕستەی یەکەمدا پێشناوی (لـە) توانیویەتی دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەفرێزی ناوی (براکە)ی بدات,پێشناوەکانی تریش بەهەمان شێوە.بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەڕستەدا کەرەسەیەکی سەرەکی نییە وەک بەرکاری ڕاستەوخۆ,چونکە لابردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ کار لەواتای ڕستەکە ناکات و ماناکەی وەکو خۆی دەمێنێەوە,تەنیا ئەوە نەبێ مانای ڕستەکە زیاتر فراوان دەکات,بۆیە ئەگەر هەریەک فرێزە بەندەکانی (لەبراکەی ,بۆ باوکی,بەگریانەوە)لاشبدەین ومانای ڕستەکە هیچ تێکناچێ .

**4-2-7: دۆخی خستنەسەر**

مۆرفیمەکانی خستنەسەر ئەرکییان گرێدانی ناوەکانە وەک سەرە و دیارخەر,ناوەکەی پێش مۆرفیمی خستنەسەرەکە دەبێتە دیارخراو و ناوەکەی دوای مۆرفیمەکەش دەبێتە دیارخەر,ناوە پێکەوە گرێدراوەکەش دەبێە دۆخی خستنەسەری" لەدیالێکتی ناوەڕاستدا هەریەک لە (ی – ە)وەک گیرەکێک دەبنە مۆرفیمێکی ڕێزمانی خستنەسەر,هاتنی ئەو ئەرکانە تەنیا لەسینتاکسدا دەبینرێن,ئەمەش لەدۆخی خستنەسەر,واتە لەنێوان دیارخەر و دیارخراو"(خدر , 2009: ل18)

63- باوکی من خانوەکەی فرۆشت.

64- قەڵای هەولێر بەناوبانگە.

65- پیاوە پیرەکە کەوت.

66- مناڵە نەخۆشەکە چارەسەرکرا.

لەنێوان ناوی (باوک – خانو),(قەڵا – هەولێر),(پیاو – پیر), (مناڵ- نەخۆش)مۆرفیمی(گیرەک)ی خستنەسەر دەرکەوتوە و ئەم دەرکەوتنەشی بۆ ئەو مەبەستەیە,کە دیارخرا و دیار بەیەکەوە ببەستێەوە,مۆرفیم(گیرەک)ەکانی خستنەسەر وادەبن,کە دەچێە دوای ناوە دیارخراوەکە,بەمەرجێک دیارخراو پێش دیارخەر کەوتبن,چونکە هەندێجار دیارخراو و دیارخەر وەکو وشەیەکی لێکدراو دەردەکەون,وەکو:

- سۆرگوڵ (گوڵی سۆر)
- پارساڵ (ساڵی پار)
- ڕۆژنامە (نامەی ڕۆژ)

**5-2-7: دۆخی نیشانەیی**

ئەم دۆخە لەڕێگەی ئامرازەکانی ئاوەڵناوی نیشانەوە دروست دەبن,کە بریتین لە (ئەو..... ە)(ئەم...... ە) بۆ تاکی نێر و مێ,(ئەو.... انە)(ئەم...... انە) بۆ کۆی نێر و مێ,فرێزە ناوییەکان دەکەونە نێوان هەردو بەشی ئاوەڵناوە نیشانەکە و دەبنە دۆخی نیشانە بەهۆی ئەوەی ناوەکە نیشان دەکرێ و دەکەوێتە دۆخەوە.

ئاوەڵناوی نیشانە دەستنیشانی ناوی کەسێک یان شتیک دەکات لەناو ڕستەدا,هەرناوێکیش بەئاوەڵناوی نیشانە دەستنیشان بکرێ,ئەوا دەبێە ناوێکی ناسراو,بۆ نمونە:

67- ئەم کوڕە زیرەکە.

68- ئەم کچە جوانە.

69- ئەو قوتابییانە لە قوتابخانەکەی ئێمە دەخوێنن.

70- ئەو پیاوانە ئێمەیان فریودا.

ئاوەڵناوی نیشانەش تەنیا دەتوانێ ئەرکی دیارخەری ناو ببینێ,بۆیە هەمیشە لەگەڵ ناو دێ" ئاشکرایە,کە ئاوەڵناوی نیشانە لەزمانی کوردیدا(ناوەڕاست) لەڕووی ژمارەوە تەنیا لەبارەی تاکییدا لەگەڵ ئەو سەرەیەدا ڕێکدەکەوێ,کە ڕاستەوخۆ فرێزە ناوییەکە بەسەریدا زاڵە,بەڵام لەدۆخی کۆدالەگەڵ یەکتردا ڕێکناکەون,چونکە ناوەکە هیچ نیشانەیەکی کۆ بەسەر spec ەکەدا ناسەپێ,بەواتایەکی تر ئاوەڵناوە نیشانەکە فۆڕمەکەی خۆی دەپارێزێ و ناکەوێتە ژێر دەستەڵاتی سەرەی فرێزەکە,کەواتە ڕێککەوتنەکە بەئاشکرا هەستی پێناکرێ"(محمد,2009: ل173) بۆنمونە:

71- ئەو کچە جوانە

72- ئەو کچە جوان(انە)*

لەرستەی یەکەمدا فرێزی ناوی (کچ) کەوتۆتە نێوان هەردو بەشی نیشانەکە و نیشانەی(ە) بە ناوی (کچ) وە لکاوە,ئەمە لەبارەی تاکییتیدا ئاساییە و ڕودەدات,بەڵام لەڕستەی دوەمدا پارچەی دوەمی نیشانەکە (انە)نەچۆتە سەر ناوی(کچ) بەڵکو چۆتە سەر ئاوەڵناوی(جوان).

**6-2-7: دۆخی بانگکردن**

مەبەست لەدۆخی بانگکردن بەو ڕستانە دەوترێت , کە لایەنی بانگکردن یان بانگهێشتی تیدایە,واتە ئامرازێک لە ئامرازەکانی بانگکردن ,یان نیشانەیەک لە نیشانەکانی بانگکردنی تێدایە.

لەکرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا,لەدیالێکتی سلێمانی لەدۆخی بانگکردندا جیاوازی لەنێوان نێر و مێدا دەکرێ,چونکە لەم دیالێکتەدا بەشێوەیەکی ئاشکرا لەم دۆخەدا جیاوازی لەنێوان نێر و مێ بەدیدەکرێ,سەبارەت بەم دۆخە ,دەبێ بزانین,کە ئامرازی بانگکردن هەیە و نیشانەی بانگکردنیش هەیە,ئامرازەکانی بانگکردن ئەمانەن(ئەی – هۆ بۆ نێر),( هێ بۆ مێ):

73- ئەی/هۆ کوڕینە بخوێنن.

74- هێ کچینە وەرنەماڵەوە.

بەڵام نیشانەکانی بانگکردن جیاوازن , لەم دیالێکتەدا نیشانەکان ئەمانەن(ە – ۆ)بۆ تاکی نێر,(ێ)بۆ تاکی مێ,(ینە)ش بۆ کۆی نێر و مێ,وەک:

75- کوڕە بەباشی کارەکەت بکە.

76- خاڵۆ ڕێگاکەم نیشانبدە.

77- کچێ ناوماڵ جوان پاکبکەوە.

78- جەنگاوەرینە وەرنە مەیدان.

لەدۆخی بانگکردن ناوی کەسی یان تایبەت نیشانەی بانگکردن وەرناگرێت لە دیالێکتی سلێمانی(دیالێکتی ناوەڕاست),بەڵام هەندێک وشە هەن,کە دەکەونە پێش ناوی کەسەکەوە دەوری دۆخی بانگکردن دەگێڕن,تەنانەت نیشانەی بانگکردنیش وەردەگرن,بۆ نمونە کە دەلێی(کاکە)ئەمە بۆ بانگکردن و ئاگادارکردنی کەسێکە ,کە بەتەمەن لە قسەکەر گەورەترە,یان (خاڵە,مامە ....هتد),چونکە بۆ نمونە زۆرجار لەدوای وشەیەکی وەک(خاڵە)ناوی کەسێکی تایبەت دێت,وەک ئەوەی بڵێیت(خاڵە پیرۆت)واتە کەسێک ,کە بانگی یەکێک بکات خاڵی خۆیەتی.

**7-2-7:دۆخی ئامێری**

لەم دۆخە دەبێ ئامێرێک یان شتێک هەبێ بۆ ئەوەی کارەکە پێ ئەنجام بدرێ,لەدیالێکتی سلێمانیش بەهۆی پێشبەندی(بە)ئەم دۆخە دروست دەبێ,کە دەچێتە پێش ناوی ئامێرەکە یان ناوی شتەکە, نمونە:

79- منداڵەکە بەبەرد شوشەکەی شکاند.

80- پیاوەکە بەفرۆکە گەشت دەکات.

81- دارتاشەکە بەمشار دارەکەی بڕییەوە.

**8- دیالێکتیی کرمانجی سەروو**

لەکرمانجی سەرودا دەرکەوتنی نیشانە و مۆرفیمەکانی دۆخ تاڕادەیەکی زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی,بەتایبەت دیالێکتی ناوەڕاست,ئەویش بەهۆی ئەوەی ,کە سیستەمی دۆخ لەکرمانجی سەرو زیاتر لەڕێگەی ڕەگەزەوە دەردەکەوێ,واتە نیشانەکانی دۆخ بەهۆی نێر و مێ لەسەر ناوەکان دەردەکەون,ئەمەش لەبەرئەوەیە لەم دیالێکتە ڕەگەز ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لەجیاکردنەوەی ناوەکان,ئەگەرچی لەهەندێ حاڵەتدا دۆخەکە نیشانەی نییە و سفرە,بەڵام ئەمە لەکەم جۆری دۆخدا ڕودەدات.

دەرکەوتنی جیاوازی نیر و مێ لە کرمانجی سەرو وەنەبێ تەنیا لەسەر ناوەکان بێ,بەڵکو لە جێناوی کەسی سەربەخۆشدا جیاوازی لەنێوان هەردە ڕەگەزدا دەکرێ,بەتایبەتی لە دەستە جێناوی دووەم و بۆکەسی سێیەمی تاک لەنێوان (وی) و (وێ) ,هەروەها لەجێناوی نیشانەش ئەم جیاوازییە دەردەکەوێ,کەواتە کرمانجی سەرو لەڕوی دۆخی ڕەگەزەوە دەوڵەمەندە و خاوەن سیستەمێکی زمانی ئێرگەتیڤییە,لەدیالێکتی کرمانجی سەرو ڕێکەوتن لەنیوان بکەر و کاردا دەبێ لەهەمو حاڵەتێکدا,تەنیا لە ڕابردوی تێپەڕ نەبێ,کە لەکەس و ژمارەدا لەگەڵ بەرکاردا ڕێکدەکەوێ,بۆیە دیالێکتی کرمانجی سەرو بەئێرگەتیڤ ناودەبرێ,واتە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی بەرکار لەهەندێ دەوروبەر دەور دەگێڕێ, لەدەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ڕاناوی لکاو لەهەندێ دەوروبەردا ئەم دیاردەیە لەزانستی زمانا بەئێرگەتیڤ ناودەبرێ "Ergative Case" (ئەمین,2004:ل 34).بۆنمونە:

| | |
|---|---|
| 82- ئازاد و نەوزاد و ڕزگار دیتن | ڕابردوی تێپەر |
| 83- ئازاد و نەوزاد و کاروان نان دخۆن | داهاتوی تێپەڕ |
| 84- هون دنڤن | داهاتوی تێنەپەر |
| 85- تو نڤستی | ڕابوردوی تێنەپەڕ |

بەهۆی ئەوەی دیالێکتی کرمانجی سەرو ئێرگەتیڤە , ڕێکەوتنی بەم دو شێوەی خوارەوە دەبێ:

- ئەگەر هاتو کاری ڕستەکە رابردوی تێپەربێ ,ئەوا بەرکار لەڕوی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کاری ڕستەکە ڕێکدەکەوێ,لەمبارەشدا بکەری ڕستەکە دەکەوێتەدۆخی بکەرییەوە:

86- تە ئەز دیتم.

- بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبوردوی تێپەڕ بو ,بکەری ڕستەکە لەڕوی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کارەکە ڕێکدەکەوێ,بەرکارەکەش دەکەوێتە دۆخی بەرکارییەوە:

87- ئەز   تە   دبینم.

لەکرمانجی سەرو,کاتێ لەلاڕستە و گرێیەکان و هاوشێوەکانیان ڕادەمێنین چەندین ڕاستی دیاردەی دۆخ لەم دیالێکتە دەردەکەون,هەندی دیاردەی دۆخ هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆجیان پێوە نیە و نیشانەی دۆخەکەیان سفرە,بەڵام هەندێ دۆخی تر نیشانەی مۆرفۆلۆجی ئاشکرایان لەسەرە و ئەم نیشانانەش مۆرفیمی ڕەگەز نیشان دەدەن لە دۆخە جیاوازەکاندا,نێر و مێ نیشانەی مۆرفۆلۆجیی جیاوازیان هەیە و لەیەکتر جیادەکرێنەوە, بەهۆی ئەوەی نێر و مێ ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لەدیاریکردنی دۆخەکاندا.

سەبارەت بەژمارەی دۆخەکان تاوەکو ئێستاش ڕێکەوتنێکی تەواویان لەسەر نەکراوە,بەڵام چەند ژمارەیەکی دۆخ کە باون و بەکاردەهێنرێن لەخوارەوە باسیان دەکەین,جا نیشانەی مۆرفۆلۆجیی دۆخ یان ڕەگەزیان پێوە بی یان نا.

**1-8: دۆخی بکەری**

ئەم دۆخە دۆخی ڕاستەوخۆ – ڕەها- شی پێدەوترێ,لەم دۆخەدا کاتێک ناوەکە ئەرکی دۆخی بکەری دەبینێ,هیچ نیشانەیەکی دۆخی نابێ و دۆخەکەی بەتاڵە,نمونە:

88- شەهیان هات.

89- ئازاد چو.

90- ڤەژین ڕۆیشت.

91- نەسرین کەفت.

ئەو ناوانە هەمویان بکەری ڕستەن,بەڵام نیشانەی دۆخیشیان پێوە نییە,لێرەدا کاری ڕستەکە رابردوی تێنەپەرە.

2-8: **دۆخی ئێرگەتیڤی**

ئەم دۆخە دۆخی ناڕاستەوخۆ یان کارا - شی پێدەوترێ,لەڕوی مۆرفۆلۆجییشەوە نیشانە دەکرێ,فۆڕمی ئەم دۆخە ئاماژە بە ژمارە و ڕەگەزیش دەکا,نیشانەی تایبەتی هەیە بۆ تاکی نێر و تاکی مێ ,کۆی نێر و مێ ,بۆنمونە:

91- نەوزادی سێڤ هنارتن.

92- ئازادی نامە نڤیسی .

93- نەسرینێ نان خار.

94- ئەڤینێ ڤراڤین خار.

هەردو ناوی (ئازاد – نەوزاد) کە کارای ڕستەکەن مۆرفیمی (ی)یان وەرگرتوە بۆ تاکی نێر و,ناوەکانی نەسرین و ئەڤین مۆرفیمی(ێ)یان وەرگرتوە بۆ تاکی مێ.

لەدۆخی ئێرگەتیڤی بۆ ڕەگەزی نێر و مێ تەنیا یەک نیشانە هەیە وکە ئەویش بۆ هەردوکیان بەکاردێ, بۆ نمونە:

95- کوران پەنجەرە شکاندن.

96- کچان چیشت چیکرن.

ناوەکانی کوڕ و کچ مۆرفیمی (ان)یان وەرگرتوە بۆ کۆی نێرو مێ,هەریەک لە مۆرفیمەکانی (ی,ێ ان) نیشانەی دۆخی ئێرگەتیڤی نیشاندەدەن لەزمانەکە.

دەکرێ بۆ نیشانەی مۆرفۆلۆجی کۆ بۆ هەردو ڕەگەز تەنیا نیشانەی (ا) بەکاربێ,لەجیاتی (ان) ,بۆ نمونە:

97- ژنا نان خار

98- مامۆستایا وانە ب مە گوت

**3-8:دۆخی خستنەسەر**

لەم دۆخەدا نێر و مێ جیاوازی هەیە و بۆ هەردو ڕەگەز نیشانەی تایبەتی هەیە , بەهۆی ئەوەی لەم دیالێکتە نیشانەکانی ڕەگەز تەواو ئاشکران,بۆ تاکی نێر (ێ) و بۆ تاکی مێ (ا) بەکاردێ,بۆ نمونە

99- کوڕێ ئازادی هات.

100- کوڕێ لەزگینێ مامۆستایە.

101- کچا نەسرینێ هات.

102- دۆتماما من هات.

هەروەها بۆ کۆی نێر و مێ لە دۆخی خستنەسەردا نیشانەکەی جیاوازی دروست ناکا و بریتییە لە(ێن):

103- من کراسێن جان کرین.

104- پێشمەرگێن کوردستانێ خودان هێزەکا مەزنن.

**8-4:دۆخی شوێن**

ئەو فرێزە ناوییانە دەگرێتەوە , کەشوێنی ڕودانی کارەکە دەستنیشان دەکەن,ئەم دۆخە لەگەڵ زۆربەی دۆخەکانی تریشدا دێ,ئەم دۆخەش دو نیشانەی هەیە , کە زیاتر شوێنی رودان و پێگەی کارەکە دەستنیشان دەکەن,نیشانەکانیشی بریتین لە(د- ڤە),(د – دا),بۆ نمونە:

105- د ژڤانێن چار وەرزێ دا.

106- مەلەڤان د ئاڤێ دا بو.

107- د خانی ڤە بێهن دا.

108- ئەز د چیایێ ڤە کەفتم.

**8-5: دۆخی بانگکردن**

ئەم دۆخەش نیشانەی تایبەتی هەیە و جیاوازی لەنێوان نێر و مێدا دەکا,بۆ هەریەکەیان نیشانەیەک بەکاردێ,بۆڕەگەزی نێر نیشانەکەی (ۆ) یە و بۆ مێ نیشانەکەی (ێ)یە,وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

109- کوڕۆ بخوینە داسەرکەڤی.

110- بابۆ وەرە نک مە.

111- کچێ ڕونیشە.

112- خوشکێ بزنێ بدۆشە.

نیشانەکانی (ۆ) ,(ێ) بۆ تاکی نێر و مێ بەکارهاتون,بەڵام بۆ کۆی نێر و مێ لە دۆخی بانگکردن نیشانەکەی بریتییە لە(ینۆ) بێ جیاوازی,بۆنمونە:

113- خوشکینۆ شادبن ,داوەتە.

114- کوڕینۆ,هەڕن بو خەباتێ ئازادی.

**8-6: دۆخی هاوبەشی**

دەکرێ ئەم دۆخە لەکرمانجی سەرو ناوبنێین دۆخی بەرکاری,ئەوەش بەهۆی ئەوەی ناوەکە دەکەوێتە نێوان دو ئامراز,ئەوانیش ئامرازەکانی پێشگری ( ژ) پاشبەندی(را)یە,ئەو ناوەی ,کە دەکەوێتە نێوان ئەم دو ئامرازە لەڕستەدا ڕۆڵی بەرکار دەبنن,بۆیە وەکو بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ,بۆ نمونە:

115- وی قسە بۆ من کر و ژ من را گوت

116- من ژ ئازادی را گوت

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین,کە جگە لە فرێزە ناوییەکان, کە لەهەندێ دۆخدا مۆرفیمی ڕەگەز وەردەگرن و لە نێر و مێ دا جیاوازن,ئەوا لە کرمانجی سەرودا ڕەگەز لە هەندێ شوێنی تردا جیاوازی لەنێوان نێر و مێ دا دەکا, کە بریتین لەبارانە:

أ- **ڕەگەز لەگەڵ جێناوی سەربەخۆ**

لەم دیالێکتەدا جیاوازیان هەیە لەگەڵ جۆرەکانی تری دۆخ ,بەتایبەتیش دۆخی بکەری و ئێرگەتیڤی ,هەریەکەیان دەستەیەک جێناوی جیاواز و تایبەت بەخۆی هەیە,وەکو ئەمەی خوارەوە:

| دۆخی ئێرگەتیڤی | |
|---|---|
| من | مە |
| تە | وە |
| وی/وێ | وان |

| دۆخی بکەری | |
|---|---|
| ئەز | ئەم |
| تو | هون |
| ئەو | ئەوان |

دەستەی جێناوی یەکەم لەگەڵ ئەو دۆخە دێ , کە ئێرگەتێڤە , دەستەی جێناوی دوەمیش لەگەڵ دۆخی بکەر دێن,تەنانەت کاری ڕستەکانیشیان جیاوازە,نمونە

117- من نان خار.

118- تە ڤراڤین خار.

119- ئەز چوم.

120- هون چون.

ناتوانین بڵێین (ئەز نان خار) ,چونکە دەستەی دوەم لە کاتی بکەریدا کاری ڕستەکەی تێنەپەڕە,واتە تەنیا لەگەڵ کاری تێنەپەڕ دێ.هەر لەدەستەی جێناوی یەکەم و لە کەسی سێیەمی تاک دیسانەوە جیاوازی لەنێوان نێر و مێ دا هەیە,بۆ کەسی سێیەمی تاک لەڕەگەزی نێر جێناوی (وی) بەکاردێ,بۆ نمونە:

121- وی سێڤ خار.

122- وی شیڤ خار.

بۆ کەسی سێیەمی تاک لەڕەگەزی مێ جیناوی (وێ) بەکاردێ,بۆ نمونە:

123- وێ ڤراڤین خار.

124- وێ نان خار.

**ب- ڕەگەز لەگەڵ جێناوی نیشانە**

لەدیالێکتی کرمانجی سەرو چەند جێناوێکی نیشانە هەیە ,کە بۆ نێر و مێ بەکاردێ,جێناوی نیشانە نزیکەی حەوت جێناوە ,بەڵام ئێمە تەنیا ئەو جێناوانە دەستنیشان دەکەین , کە لەڕوی ڕەگەزی نێر و مێ جیاوازی دەکا,جێناوەکانیش ئەمانەن:

ڤی بۆ تاکی نێر- نزیک بەکاردێ:

125- ڤی زارۆکا ماچی دکەت.

ڤێ بۆ تاکی مێ - نزیک بەکاردێ:

126- ڤی گول چاندن.

وی بۆ تاکی نێڕ- دور بەکادێ:

127- وی چیرۆک نڤیسی.

وێ بۆ تاکی مێ - دور بەکاردێ:

128- وێ چیرۆک نڤیسی.

ئەڤان(ڤان) بۆ کۆی نێر و مێ - نزیک بەکاردێ:

129- ئەڤان/ڤان شاییەکا خۆش گرێدا.

ئەوان بۆ کۆی نێر و مێ- دور بەکاردێ:

130 - ئەوان زەماوەند گرێدا.

**ج- ڕەگەز لەگەڵ ئاوەڵناوی نیشانە**

شێوەکانی ئاوەڵناوی نیشانە لە کرمانجی سەرودا,لەگەڵ ناوەکانی نێر و مێ بەشێوەی جیاواز بەکاردێن.

ئەڤ--- ە بۆ نێر و مێی تاکی نزیک بەکاردێ:

130- ئەڤ کتیبە یێ مەیە.

ڤی----- ی        بۆ نێر ی تاک و نزیک بەکاردێ

131- ڤی خورتی سەرێ مە بلند کر.

فێ ---- ێ        بۆ ناوی مێی تاک و نزیک بەکاردێ

132- ڤێ قوتابیێ وانە باش خواند.

وی ----- ی        بۆ ناوی نێر ی تاک و دور بەکاردێ

133- وی ڕەزڤانی ڕەزێ خۆ فرۆت.

وێ------ ێ        بۆ ناوی مێ ی تاک و دور بەکاردێ

134- وێ گوتنێ دلی مە خۆشکر,

ئەڤان/ڤان------ ان        بۆ ناوی نێر و مێی کۆ و نزیک بەکاردێ

135- ڤان نەمامان بچینە.

وان ------ ان        بۆ ناوی نێر و مێی کۆ و دور بەکاردێ

136- وان جوتیاران زەڤیێن خۆ کێلان.

**9- دۆخ لە دیالێکتی گۆران(هەورامی)**

دیالێکتی هەورامی سیستەمێکی تێکەڵاوی لەڕوی دۆخی مۆرفۆلۆجیی و نا مۆرفۆلۆجیی هەیە,هەنێ لە ئەرکە سینتکسییەکان لە وەسفکردنی سینتاکسدا بەشێوەیەکی مۆرفۆلۆجییانە دەردەبڕدرێن,لەڕوی مۆرفۆلۆجیشەوە دەناسرێنەوە,بەڵام هەندێکیشیان نادیارن.

دیالێکتی هەورامی لەڕوی سیستەمی دۆخەوە هەروەک دیالێکتەکانی تری سەر بەدیالێکتەکانی تر خاوەنی چەند دۆخێکە,ئەم دیالێکتە لەڕوی ڕەگەزیشەوە جیاوازی هەیە و نیشانەی تایبەتی هەیە,دیالێکتی هەورامی (3) دۆخی سەرەکی هەیە لەگەڵ دۆخی ڕەگەز ,کە لەچەند دۆخێکدا ڕەنگدەداتەوە:

**1-9:دۆخی بکەری (Nominative)**

ئەگەر هاتو کاری ڕستەکە ڕابردوی تیپەڕ بو,ئەوا بکەر نیشانەی مۆرفۆلۆجیی وەردەگرێ,کە دەچێتە سەر فرێزە ناوییەکە.دەرکەوتنی نیشانەی دۆخ لەم دۆخەدا بەندە بەکاری ڕابردوی تێپەڕییەوە,لەڕوی نیر و مێ نیشانەی تایبەت بەدۆخەکە هەیە,کە مۆرفیمی (ی) نیشانەی نێرە و مۆرفیمی (ێ) نیشانەی مێیە.بۆنمونە:

137- نەوزادی وانەش وانا.  (نەوزاد وانەی خوێند)

138- شیرینێ وانەش وانا.  (شیرین وانەی خوێند)

بەڵام لەگەڵ کاری تێنەپەڕ ,فرێزە ناوییەکە لە دۆخی بکەری هیچ نیشانەیەکی لەسەر دەرناکەوێ,بۆنمونە:

139- کوڕێ ئاما     (کوڕ هات)

140- کناچێ ئاما     (کچ هات)

**2-9:دۆخی بەرکاری(Accusative)**

دەرکەوتنی ئەم دۆخە بەندە بەبونی کاری تێپەڕەوە,چونکە ئاشکرایە کاتێ بەرکار لەڕستەدا هەبو دەبێ کاری ڕستەکە تێپەڕبێ,لەم دیالێکتەدا دەرکەوتنی دۆخی بەرکاری دەوەستێتە سەر کاری ڕانەبردوی تێپەر,ئەو ناوەی دەبێتە بەرکار ,ئەگەر ناوێکی

تایبەتی بێ مۆرفیمی دۆخی لەگەڵ دەردەکەوێ,بەڵام ئەگەر ناوەکە گشتی بی,دەبێ ناوێکی ناسراو بێ ئەو کات مۆرفیمی دۆخی لەسەر دەردەکەوێ .بۆ نمونە:

141- أ- بارام ئازادی رۆزگار کەرۆ. (بارام ئازاد ڕزگار دەکا)

141-ب- بارام شیلانێ رۆزگار کەرۆ. (بارام شیلان ڕزگار دەکا)

141-ج- هێمن موچیاری زاوڵەکا کەرۆ. (هێمن ئامۆژگاری منالَەکان دەکا)

لەرستەی (ا-ب)دا هەردو ناوی(ئازاد – شیلان)ناوی تایبەتن و بەرکاری ڕستەکەن,مۆرفیمی دۆخیان چۆتە سەر ,کە بۆ نێر(ی) و بۆ مێ(ێ)یە,بەڵام لەڕستەی (ج) بەهۆی ئەوەی ناوی (زاوڵەکا) ناوێکی گشتییە بەهۆی نیشانەی ناسیاری (ەکە) دۆخی وەرگرتوە. هەروەها لە کاری ڕابردوی بەردەوام و داخوازیدا ,ناوی تایبەتی مۆرفیمی دۆخی بەرکاری وەردەگرێ,بەڵام لەڕابردوی بەردەوام نیشانەی نێر( Ø ) و نیشانەی مێ(ە)یە,بۆنمونە:

142- نەوزادی/شیرینە وانەش وانێ. (نەوزاد/شیرین وانەکانی دەخوێنێ)

لەکاری داخوازیدا ناوە تایبەتییەکە بۆ نێر (ی) و بۆ مێ(ێ) وەردەگرێ,بۆ نمونە:

143- تۆ نەوزادی/شیرینێ بوینە. (تۆ نەوزاد/شیرین ببینە)

**3-9:دۆخی داتیڤی(Dative)**

ئەم دۆخە لەڕێگەی پێشناوەکانەوە دێتە ئەنجام,کە وەک سەرەی فرێزی بەند دەردەکەون,لەم دیالێکتەدا ئەم بەچەند شێوەیەک دروست دەبێ,ئەمانەن:

1- ئەو دۆخەی ,کە لەڕێگەی پێشناوەکانەوە دەبەخشرێن,لەم شێوەیەدا دۆخی داتیڤی لەسەر فرێزە ناوییەکانی دوای پێشناوەکە دەردەکەوێ ,نمونە:

144- ئێمە یانەش پێشکەش بەئارازی/ئاکاری کەرد. (ئێمە ماڵەکەمان پێشکەش بەئاراز/ئاکار کرد)

145- کاروان گفتوگۆ چەنی ڕزگاری/ئازادی کەرۆ. (کاروان گفتوگۆی لەگەڵ رزگار/ئازاد دەکا)

2-جۆرێکی تر لەدۆخی داتیڤی بەهۆی پاشناوەکانی وەک (- ەنە, - ەرە, -ۆ) بەفرێزە ناوییەکان دەدرێن,لەم حاڵەتەشدا هیچ نیشانەیەکی دۆخەکە لەسەر فرێزە ناوییەکە دەرناکەوێ,ئەویش بەهۆی پاشناوەکانەوەیە,بۆ نمونە:

146- ----- بازاڕەنە نانم وارد. (لەبازاڕدا نانم خوارد)

147- هیوا هەنگامی خاسەش هەرمانەکێشەنە نیا. (هیوا هەنگاوی باشی لەکارەکەی ناوە)

لەنمونەی (بازاڕەنە) وەکو شوێن دەرکەوتوە,پاشناوی (ەنە) بەرامبەر بە (لە --- دا) کرمانجی ناوەڕاست دەوەستێ ,کە دۆخی شوێن بەفرێزە ناوییە دەدات.بەڵام لەم نمونەیە بەهۆی نیشانەی(ەنە) ناوەکە هیچ مۆرفیمێکی دۆخ وەرناگرێ.

3- بەشێکی ئەم دۆخە هێز و دەستەڵاتێکی زۆر بەپێشناوەکان دەدا,بەجۆرێک ,کە هیچ مۆرفیمێکی دۆخی داتیڤی بەفرێزە ناوییەکەی دوای خۆی نادا,بۆنمونە:

148- ئاسۆ رسمەکەش بەکومپیوتەر کەرد. (ئاسۆ وێنەکەی بەکۆمپیوتەر کرد)

149- دارا یارمەتیو ئادێشا بەزەڕ مەدۆ. (دارا بەپارە یارمەتی ئەوان دەدا)

لێرە بەهۆی ئەوەی پێشناوی (بە) هەیە فرێزە ناوییەکە وەکو بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ دەرکەوتوە و فرێزە ناوییەکەی دوای خۆی هیچ نیشانە و مۆرفیمێکی دۆخی وەرنەگرتوە.

دۆخی ڕەگەز لەدیالێکتی هەورامیدا شێوەیەکی جیاوازی هەیە و لەهەندێ حاڵەتدا جیاوازی لەنێوان نێر و مێ دا دەکا,وەک ئەمانەی خوارەوە:

**أ- مۆرفیمی ناسیاری و نەناسیاری**

مۆرفیمەکانی ناسیاری و نەناسیاری لەمر دیالێکتە نیشانەی تایبەتی هەیە,مۆرفیمی ناسیاری بۆ نیر (کە,ەکە)یە ,بۆ مێ (کێ,ەکێ)یە,بۆ نمونە:

150- کوڕەکە ئاما.    (کوڕەکە هات)

151- زاناکە ئاما.    (زاناکە هات)

152- کناچەکێ ئاما.    (کچەکە هات)

بەهۆی ئەوەی کۆتایی ناوی (کناچێ) بزوێنە,ئەوا بزوێنی (ێ)سەرناوەکە لەناو دەچێ و نیشانەی ناسیاری دەچێتە سەر.

مۆرفیمی نەناساریش نیشانە و مۆرفیمی تایبەتی بۆ نێر و مێ هەیە,نیشانەی نەناسیاری بۆ ڕەگەزی (ێۆ) بۆ نێر و (ێوە) بۆ مێ,بۆنمونە:

کوڕ+ ێو = کوڕێو    ( کوڕێک)

کناچێ+ ێوە = کناچێوە    (کچێک)

ئەگەر ناوەکە گشتی بێ بۆ نێر و می مۆرفیمی (یە ) بۆ کۆی هەردو ڕەگەز بەکاردێ,ناوە گشتییەکە تاکە و مۆرفیمەکە دەیکا بەکۆ,بۆ نمونە:

کوڕ+یە = کوڕیە    (کوڕان)

کناچێ + یە = کناچێیە    (کچان)

**ب- نیشانەی ڕەگەز لەجێناوی سەربەخۆ**

نیشانەی ڕەگەز لەجێناوی سەربەخۆ لەدیالێکتی هەورامی زۆر ئاشکرایەوبەتایبەت لەکەسی سێیەمی تاکدا بەدەردەکەوێ,بۆ نمونە:

ئاد : بۆ نێر

153- ئاد ئازان    (ئەو ئازایە)

ئادە: بۆ مێ

154- ئادە ئازان    (ئەو ئازایە)( هەورامی,1981:ل 271)

**ج- ڕەگەز لەگەڵ ئاوەڵناوی نیشانە**

دۆخی ڕەگەز لە ئاوەڵناوی نیشانەدا ڕێکەوتن لەنێوان ناوەکە و ئاوەڵناوەکە دەبێ ,واتە ئەگەر ناوەکە نێربێ ئەوە ئاوەڵناوەکەش نێرە,ئەگەر ناوەکە مێ بێ ,ئەوا ئاوەڵناوەکەش دەبێ مێ بێ واتە ئاوەڵناو مۆرفیمی ڕەگەزی ناوەکەی پێش خۆی وەردەگرێ,بۆنمونە:

155- کامەران ژیرە.    (کامەران ژیرە)

156- شیرینە ژیرەنە.    (شیرین ژیرە)(سەرچاوەی پێشو:ل 272)

**10- ئەنجام**

لەتوێژینەوەکەمان گەیشتوین بەمر ئەنجامانەی خوارەوە:

- دۆخ حاڵەت و کاتیگۆرییەکی ڕێزمانییە و ئاماژە بەدۆخی ناوەکان دەکات,بۆ ئەو ئەرک و پەیوەندییە سینتاکسییانەی ,کە بەشە سەرەکییەکانی ڕستە دەستنیشانی دەکەن
- نیشانەی مۆرفۆلۆجی لە هەمو دۆخێک دەرناکەوێ ودۆخ هەیە نیشانەکەی نادیارە ,هەمو زمانەکانیش لە قۆناغی کۆنیاندا دۆخیان زۆرتر بوە.
- نیشانەکانی دۆخ لەهەمو زمانەکاند وەک یەکن تەنیا جیاوازی لەڕوی سیماوە نیشان دەدەن.

- زمانی کوردی و دیالێکتەکانی بەشێوەیەکی جیاواز دیاردەی دۆخیان تێدا دەردەکەوێ,هەندێ دۆخ لەهەندێ دیالێکت بونی هەیە ,بەڵام لەدیالێکتێکی تر بونی نییە,هەندێجاریش لەنێوان دو دیالێکتی سەربە یەک دیالێکت جیاوازی هەیە لەڕوی دۆخەوە وەک دیالێکتی هەولێر و سلێمانی.

- زمانی کوردی خاوەن سیستەمێکی دەوڵەمەندی دۆخ بوە لەکۆندا,بەڵام ئێستا لەهەندێ دیالێکتدا بەرەو سستی و لەناوچون چون,بونی سیستەمی دۆخیش ڕەسەنییەتی زمانی کوردی نیشاندەدا.

- دۆخی ڕەگەز لەزمانی کوردیدا لەهەمو دیالێکتەکاندا وەک یەک نین,دیالێکتی کرمانجی سەر و گۆران(هەورامی)لەڕوی دۆخی ڕەگەزییەوە دەوڵەمەندن و بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێ.

## 12-لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم- نامەی ئەکادیمییەکان**

- ئیبراهیم,شیلان رەحیم(2004),شێوازی قسەکردنی ژن لەزمانی کوردیدا,نامەی ماستەر,کۆلێژی زمان, زانکۆی سلێمانی.
- ئەحمەد,مزگین عبدالرحمان(2006),دۆخی ئێرگەتیڤی لەزمانی کوردیدا(کرمانجی سەرو),نامەی ماستەر,کۆلێژی پەروەردە بۆزانستە مرۆڤایەتییەکان,هەولێر:زانکۆی سەلاحەدین.
- ئەحمەد,غازی فیصل(2015),دۆخی ڕێزمانی لەزمانی کوردیدا,نامەی ماستەر,کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان,هەولێر:زانکۆی سەلاحەدین.
- حاجی,ڤیان سلێمان(2009),کەرەسە بەتاڵەکان لەڕوانگی تیۆری دەستەڵات و بەستنەوە(شێوازی کرمانجی سەرو),هەولێر:بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.
- خدر,حەیدەر حاجی(2010),تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لەڕوانگەی پۆلینی مۆرفۆلۆژیانەی زمانەکەوە,نامەی ماستەر,کۆلێژی زمان,زانکۆی سەلاحەدین.
- سەعید,یوسف شەریف(1990),دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی,نامەی ماستەر,کۆلێژی ئاداب,زانکۆی سەلاحەدین.
- مەعروف,عبدالجبار مستەفا(2009),دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لەزمانی کوردیدا,نامەی دکتۆرا,کۆلیژی زمان,زانکۆی سلێمانی.

**دووەم: کتێب**

**1- بەزمانی کوردی**

- ئەمین,وریا عومەر(2004),چەندئاسۆیەکی تری زمانەوانی,بەرگی یەکەم,هەولێر:دەزگای ئاراس.
- تۆفیق,قەیس کاکل(2020),زمان و ئاین,بەشی یەکەم,دهۆک :چاپخانەی ماد.
- خۆشناو,نەریمان عبداللە( 2014 ),دیالێکت و زمان ,چاپی دووەم, زیادکراو و پوختکراو,هەولێر:چاپخانەی هێڤی.
- عەلی,طالب حسین(2014),زانستی زمان و زمانی کوردی,چاپی یەکەم,هەولێر:چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- عوسمان , مەزن(   ),هەندێ بەراورد و سەرنجی زمانەوانی,
- قادر,صباح رشید(2009),هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەستەڵات و بەستنەوە لەزمانی کوردیدا,هەولێر:چاپخانەی حاجی هاشم.
- کۆڕی زانیاری, (1976), ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی, بەغدا:چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
- مارف,ئاورەحمان حاجی(1979),مۆرفۆلۆژی ناو,بەشی یەکەم, بەغدا: کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد.
- مەحوی,موحەمەد(2001),ڕستەسازی کوردی,چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
- موحەمەد,حاتم ولیا(2009),پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان,چاپی یەکەم,دهۆک:چاپخانەی خانی.
- مەحوی,موحەمەد(2011),بنەماکانی سینتاکسیی کوردی,بەرگی یەکەم,سلێمانی:چاپخانەی پەیوەند.
- ناوخۆش,سەلام(2018),لەبارەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس,لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە بەکەرەسەی کوردی,,هەولێر:چاپخانەی شەهاب
- هەورامی,موحەمەد ئەمین(1981),دیالێکتی زمانی کوردی لەتەرازوی بەراوردا,بەغدا:دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کورد.

**2- بەزمانی عەرەبی**

- زكريا,ميشال(1983),علم اللغة التحديث ,المبادىء والأعلام,المؤسسة الجامعيه للدراسات والنشر والتوزيع,بيروت:لبنان.

**3- بەزمانی ئینگلیزی**

- Anderson, J .M (1987).Case Grammar and the Local List Hypothesis, Concepts of Case, Tubingen.
- Blake, Barry (1994).Case Cambridge, University Press.
- Chomsky, Noam (1981).Lecture On Government and Binding, The Pisa Mouton Degrayter, New York.
- Chomsky, Noam (1986). Knowledge of Language . Its Nature, Origin Use Pager, New York.
- Crystal, David (1991). A Dictionary of Linguistics and Phonetics 3rd edition , Black Well Publisher, Ltd.Uk.
- Culicover, Peter (1997).Principles And Parameters: An Introduction to Syntactic Theory, Oxford University. New York.
- Crystal, David (1991). A Dictionary of Linguistics and Phonetics 6rd Edition, Black Well
- Fillmore, Charles (1965). Indirect Object Constructions In English And The Ordering Transform Motions, Mouton.
- Farokhpy (1998).Government And Biding Chomsky Language Theory, Tehran: Somkhan.
- Grime, Scott (2005). The Lattice Of Case And Agentivity, MSc In Logic, University It Van Amsterdam.

- O' Grady , William (2005). Archibald, Aronoff, Mand and Miller, Contemporary Linguistics 5th Edition .Usa: Bedford.
- Trask , L (1993). A Dictionary of Grammatical Terms In Linguistics, Rout ledge, London And New York.

**3- گۆڤار**

- ئەمین,وریا عومەر(2015),دۆخ و ئەرکی بەشەکانی ڕستە,گۆڤاری ئەکادیمی ,ژمارە 34,هەولێر.
- تۆفیق,قەیس کاکل(2014),سێکسیزم لەزمانی کوردیدا,گۆڤاری توێژەر ژمارە(؟),زانکۆی سۆران.

## الحالة فى اللهجات اللغة الكوردية – جنوب كوردستان نموذجا

**ديار على كمال كريم**
قسم اللغة الكردية- كلية التربية/جامعة صلاح الدين-اربيل

**نجاة عبدالله عبدالحميد**
قسم اللغة الكردية- كلية التربية/جامعة صلاح الدين-اربيل

**ملخص**

الحالة ظاهرة لغوية اصيلةفى اغلب اللغات العالمية.وهي نظام لتغيير صورة اظهار اللفظ او ترتيبة داخل التركيبة.والحالة لها حضور فى جزء كبير من اللغات وتتضمن كل اللغات انواع من الحالات .وه] موجودة فى النحو القديم,ويستخدم كنظام لتحديد الاسماء,واللغة الكوردية لم تكن خارج هذه الظاهرة,بل تنعكس فى بعض لهجاتها.وتجد اهمية الحالة فى اللغة فى العلامة الصرفية.والبحث بعنوان( الحالة فى اللهجات اللغة الكوردية – جنوب كوردستان نموذجا)حيث بيتين فيه الحالة اللغوية والجنس فى التقسيم الجغرافى للهجات اللغه الكورديه,وذالك بغرض الاستفادة من المعلومات لبناء خريطة حالة اللهجات فى تلك اللغة.

**الكلمة مهمة:** الحالة,الحالة و الجنس,الحالة النحوية ,اللهجات الكوردية و الحالة,الحالة فلمور.

## Case in Kurdish dialects – south of Kurdistan

**Diyar Ali Kamal Kareem**
Kurdish Department College of Education /
Salahaddin University-Erbi

**Najat Abdullah Abdul Hameed**
Kurdish Department - College of Education /
Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

Case in an original linguistic Case is an original linguistic phenomenon of many languages. It is a system whereby the form of word appearance or word order is changed in a sentence. Case exists in many languages, languages exhibit different types of cases. Case, in traditional grammar, has been used with the intent to define nouns. The significance of case lies in morphological markers. This phenomenon, case, is reflected in some Kurdish dialects. The current study is entitled "Case in Kurdish Dialects, Southern Kurdistan as an example". The aim of the study is to present gender and grammatical cases in the geographical division of Kurdish dialects in order to draw the map of Kurdish dialects' cases. The importance of the study is that it highlights the types of cases in Kurdish dialects.

**Keywords**: Case, Case and Gender, Grammatical Cases, Kurdish Dialects and Case.